# کەسایەتی دکتۆر ڕەئوف

## ژیان وکار و هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی

**ئاراس ئیلنجاغی**

چاپی یەکەم

کوردستان – سلێمانی

٢٠١٢

- کەسایەتی دکتۆر ڕەئوف، ژیان وکار و هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی
- نووسەر: ئاراس ئیلنجاغی
- تایپ: نووسەر
- نەخشەسازی: ئاکۆ عەبدولمەجید
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: شێخ کەمال
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (   ) ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە.

# پێشکەشە بە:

١- گیانی پاکی دکتۆر رەئوفی کۆچکردوو.

٢- قوتابیان و خوێندکارانی سەرکەوتوو.

٣- ئەوانەی هەمیشە لەهەوڵی کاری مرۆڤ دۆستانەن.





# نووسەر لە چەند دێرێکدا



-نـاوی تـەواو (ئـاراس عومـەر فـەتحوڵڵا کاوێس) ناسراوبە(ئاراس ئیلنجاغی) .

-لەدایکبووی(١٩٧٦)ی گوندی(ئیلنجاغی گەورە)ی سنوری کێڵگەی نەوتی(تەقتەق)ە.

-دەرچـووی زانکـۆی سـەلاحەددین،کۆلیژی ئاداب، بەشی جوگرافیا(١٩٩٧-١٩٩٨).

-لەسـاڵی(١٩٩٩)ەوە یەکـەم بابـەتی ڕۆژنامەنوسیی لـەبڵاوکراوەی(هـەنگاو)ی کۆمەڵێك لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان ناوچەی تەقتەق بلاوکردۆتەوە.

-دەستەی نووسەرانی مانگنامەی(تەقتەق)بووە، لەساڵی (٢٠٠١-٢٠٠٢).

- لە ڕۆژنامەی(ڕێگای کوردستان)کاریکردووە لەساڵی(٢٠٠١-٢٠٠٢).

- دەستەی دامەزرێنەری(ناوەندی ڕۆشنبیری تەقتەق) بووە لە ساڵی(٢٠٠٤).

-لە(٢٤-١٢-٢٠٠٤)ەوە تا (٢٠٠٨) سەرنووسەری مانگنامەی(تاك)بووە.

-لە(١-٨-٢٠٠٨)ەوە تا(٢٨-٩-٢٠١١)پەیامنێری(کوردستانی نوێ)بووە.

-لە(٢٠١٠-٢٠١١)پەیامنێری( پیوکەی میدیا )سایتی کوردی بووە .

-ئەنـدامی بەشـداری (سـەندیکای ڕۆژنامەنوسـانی کوردسـتان)لقـی سـلێمانی یەلە(٢٠٠٨)ەوە تا ئەمرۆ.

-ئەندامی(بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوف)ە، لە تەقتەق لەساڵی (٢٠١٠)ەوە.

-ئەندامی بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژە، لقی کۆیە، لەساڵی ٢٠١٢ەوە.

- لە(ئەنسکلۆپیدیای شاری هەولێر) بە نوسینی بابەتێك لەسەر(ناحیەی تەقتەق)بەشداریکردووە.

- لەڕۆژنامەوبلاوکراوەکانی (هەنگاو، تەقتەق، هاموون، خەرمان، تەقتەقی نوێ، کوردستانی نوێ، ڕێگای کوردستان، رزگاری، سایتی پیوکەی میدیا،گۆڤاری کەکۆن) بابەتی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە .

## - لەبلاوکراوەکانی:

١- تەقتەق، پەلکەزێڕینەی کەنارزێی بچووك ، ٢٠٠٧، لێکۆڵینەوە.

٢-حاجی، کرمانجێك لەوپەڕی مەزنیدا، ٢٠١٢، لێکۆڵینەوە

## دكتۆر رەئوف عەزيز  بەجەستە ڕۆيشتووە بەڵام لە ويژدانماندا دەمێنێتەوە بەو بيرۆكەو گەنجينە گەورەيەی كە خۆی لە خۆشەويستی نيشتمانەكەيدا دەبينێتەوە

**عادل موراد**

پەيوەنديم بە كۆچكردوو دكتۆر رەئوف عەزيز كە ووشە سادەو ساكارەكانم ناتوانن وەسفی بكەن، بەڵكو بۆ ئەوەيە كە بە نەمری بيهێڵێتەوە، دەگەرێتەوە بۆ رۆژانی لاوێتی، كەنموونەی باڵای من بوو، هەروەكو باوكی كوێخا عەزيز كە كەسايەتييەكی كوردی رەسەن و خاوەن پێگەيەكی بەرز بوولە شاری (تەق تەق) ی جوان و ئارام، ئەو شارەی كە چەندين شەهيدی گەورە و دەيان كادری تێكۆشەری بە درێژايی شۆرشی كوردی خستۆتەوە.

لێرەدا دەمەوێت بيركردنەوە و ئەنديشەكانم كۆبكەمەوە بۆئەوەی شتێكی كەم لەبارەی كۆچكردوو بنوسم، لەگەڵ ئەوەی كە ئەزانم هەرچەندێك بنوسم و چەند هەوڵ بدەم ئەو پياوە روناكبيرە وەسف بكەم، وێرای بێ توانايی وشەكان، ناتوانم مافی خۆی بدەمێ لە وەسفكردن.

د. عەزيز رەئوف ساڵی ١٩٦٨ – ١٩٦٩ كۆلێژی ڤێتێرنەری بە پلەی ناياب تەواو كردووە، ئەو و هاورێيەكەی زاهير حەمەد (كە لە كۆلێژی كشتوكاڵ بوو و لە گەڵ خێزانەكەی لە پرۆسەكانی ئەنفالی بەدناودا لە ساڵی ١٩٨٨





دا شەهيد بوون)، وەك مەشخەڵێكی درەوشاوە بوو لە پەيوەندی و ديدارەكانی لەگەڵ خوێندكارانی كولێژەكانی زانكۆ بە (عەرەب و كورد) ـەوە، بەوپێيەی رۆشنبيرييەكی زۆر و زمانێكی عەرەبی عەرەبی پاراوی هەبوو.

دوای تەواوكردنی خوێندنەكەی لە پەيمانگای تەندروستی ئاژەڵ لە بەغداد بوو بە مامۆستا، لەو ماوەيەشدا رێككەوتننامەی نێوان حكومەتی عيراق و سەركردايەتی كورد راگەيەندرا، لەو ماوەيەدا كۆچكردوو رۆڵێكی گرنگی هەبوو لە هۆشياركردنەوەو رێنوێنيكردنی هاوپيشەكانی لەبواری كارەكەيدا بە ئامانج و مافەكانی گەلی كوردستان، كە جێی متمانەی هەموو هاورێ و دۆستەكانی بوو.

دواتر بوو بە بەرێوەبەری بەرێوەبەرايەتی ڤێتێرنەری هەولێر، كەسێكی چالاك و دڵسۆز بوو لە كارەكەيدا، لەگەڵ ئەوەی چاودێرييەكی توند هەبوو لەلايەن دەزگا هەواڵگرييەكانی رژێمی سەدامی گۆڕ بە گۆڕ، لە پەيوەندی بەردەوامدابوو لەگەڵ شۆرش و شۆرشگێراندا.

بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن، لە ساڵی ١٩٧٥ دا لە زانكۆی ليڤەرپوڵ لە بەريتانيا لەگەڵ (تاڵب موراد) ی برام كە ئەويش خوێندنی دكتۆرای لە هەمان زانكۆ تەواوكردبوو، وەرگيرا، خوێندكارێكی كۆششكەر و شێلگيربوو لەسەر تەواوكردنی خوێندنی باڵا، لەگەڵ ئەوەی نێردەكردنەكەی حكومی

بوو، بەڵام لە شۆڕشی کوردی و هەواڵ و چالاکییەکانی دانەبرابوو، بەیاننامەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانم بۆ دەنارد دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٧٥ دا دامەزرا، ئەویش لەلایەن خۆیەوە بەسەر خوێندکارە کورد و عەرەبە عێراقییەکاندا بەشێوەی نهێنی دابەشی دەکرد، بۆئەوەی بیخوێننەوەو ڕووناکبیر بن، هەرچەندە بەوهۆیەوە ڕوبەڕووی مەترسی زۆر دەبووەوە، چونکە چاوەکانی بەعس لەو سەردەمەدا لە زانکۆکانی بەریتانیادا بوون.

نمونەی گەنجی کوردی نیشتمانپەروەرو ڕووناکبیر بوو، هەروەکو کوێخا عەزیزی باوکی کە پەیوەندی فراوانی هەبوو لەگەڵ سومبولەکانی شۆڕشی کوردی هەر لە سەرەتای هەڵگیرساندنییەوە لە ساڵی ١٩٦١ دا، لێرەدا باس لە ڕۆڵی باوکی دەکەم لە گەیاندنی کۆمەکی دارایی بازرگانە کوردە فەیلییەکان کە لە بەغداد کۆیاندەکردەوە بۆ پشتیوانیکردنی شۆڕشی کوردی، کۆمەکە داراییەکان بە نهێنی ڕەوانەی شاری تەق تەق و کۆیسنجەق دەکران، کوێخا عەزیزیش دەیگەیاندە سەرکردەکانی شۆڕشی کوردی، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٦٣ دا کە ڕژێمی بەعسی فاشی لەوپەڕی باڵادەستیدا بوو و تورەیی خۆی بەسەر کوردستاندا دەباراند.

دکتۆر ڕەئوف لەسەر ڕێچکەی باوکی بوو، هەر بە فیترەت تێکۆشەر بوو نەك بە لایەنگیری، بە نەرم و نیانی و ڕەوشتێکی بەرزەوە گفتوگۆی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا دەکرد و بەڵگەی دەهێنایەوە تا متمانەی بەرامبەرەکەی





بەدەستبهێنێت، دانیشتنەکانی خۆیان لە گفتوگۆ و دیالۆگی ئارام و دۆستانەدا دەبینییەوەو جارجارێکیش نوکتەو وتەی جوانی لەخۆدەگرت.

بیرەوەرییەکانم لەگەڵیدا زۆرن، بە تەمەن ساڵێك یان دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو، لە تەمەنی دکتۆر (تاڵب موراد) ی برامدا بوو، کە ئێستا ڕاوێژکارە لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم.

بەردەوام گفتوگۆمان دەکرد لەبارەی شۆڕشی کوردی، ڕەئوف ئەندامێکی چالاکی شانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ساڵانی ١٩٦٥ – ١٩٧٥ دا، ئەو شانەیەو چالاکییەکانی یەکێتی خوێندکارانی کوردستانی عیراق لە بەغداد ئێمەی پێکەوە کۆکردبووەوە، بەشێوەیەکی گەورەو بێ هاوتا لەنێو خوێندکارەکانی زانکۆدا هەڵکەوتوبوو، لەگەڵ خوێندکارە عەرەبەکانی زانکۆی بەغداد کۆدەبووەوە و هۆکار و پاڵنەرەکانی شۆڕشی کوردی بۆ شیدەکرنەوەو بە بیروبۆچوونی پێشکەوتنخوازیی کە لەو سەردەمەدا شتێکی نوێ بوو ئاشنای دەکردن، جگەلەوەی کە پەیوەندی و دۆستایەتیشی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و روناکبیرە عەرەبەکاندا هەبوو، ئاشنای دەکردن بە چالاکی و ئەدەبییاتی شۆڕشی کوردی کە من بۆم ڕەوانە دەکرد، ئەو گروپانەی کە لە ساڵی ١٩٦٣ دا لە حزبی بەعس جیابوونەوەو حزبی بەعسی چەپڕەویان پێکهێنا بۆئەوەی خۆیان لە حزبی بەعسی سەدام حسێن جیا بکەنەوە، هەروەك پەیوەندی توندوتۆڵی هەبوو

**لەگەڵ عەرەبە نەتەوەییخوازەکان لە ڕێکخراوی بزاڤی سۆسیالیستی عەرەبی بە سەرکردایەتی عەبدولئیلاهـ ئەلنەسراوی و چەندانی تریش.**

**هەروەها پێکەوە دیداری سیاسیمان بۆ بژاردەی کەسایەتییە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی عەرەب لە زانکۆی بەغداد ڕێکدەخست، لەو کەسایەتییانەش (دکتۆر هیشام ئەلشاوی کە لەو کاتەدا کەسایەتییەکی نەتەوەیی هەڵکەتوو بوو، دکتۆر عەبدولباقی وەزیری داد لە سەردەمی زەعیم عەبدولکەریم قاسم، دکتۆر محەمەد عەزیز ڕاگری کۆلێژی زانستە سیاسییەکان کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی پارتی یەکێتی دیموکرات، گروپی کامل چادرچی)، هەروەك دیدار و چاوپێکەوتنمان هەبوو لەگەڵ دکتۆر جەواد هاشم کە دواتر بوو بە وەزیری پلاندانان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، هەروەها زیاتر لە جارێك لەگەڵ کەسایەتی نەتەوەیی ناسراو دکتۆر خەیروڵا حەسیب دیدارو چاوپێکەوتنمان هەبووە، هەروەها دیدارو چاوپێکەوتنمان لەگەڵ چەندین کەسایەتی مارکسی و بەعسی و چەپڕەودا هەبووەو شەهید زاهر حەمەد لە زۆربەی دیدارەکاندا هاوڕێیەتی دەکردین، کە ئەو کاتە خوێندکار بوو لە کۆلێژی کشتوکاڵ.**

**وەك کەسێکی کورد پەیوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ هەمووواندا، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩١ کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس ئازادکرا، لەڕێگەی دیدارو پەیوەندییەکانییەوە لە هەولێر و سلێمانی هەوڵی**





**دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی دەدا لە کوردستان لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادو گشتگیر کە بونیادنانەوەو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە ئەستۆی خۆی بگرێت، سەرچاوەیەك بوو بۆ هۆشمەندیی کوردی ڕوناکبیرو کراوە، نمونەیەك بوو بۆ گەنجان لەڕێگەی بیرۆکەو پێشنیارە پێشکەوتنخوازەکانی، دانیشتنی سیاسی و گفتوگۆی دۆستانەی لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێ ڕوناکبیرەکانی هەبوو، لەوانە (فاروق مەلا مستەفا، دکتۆر عەباس عەلی عەبدی، عەلی دزەیی، تەڵعەت نادر، دکتۆر شێخ لەتیف، دکتۆر موحسن حەمەئەمین، سەلاح مستەفا، عوسمان فەرەج) و چەندانی تر.**

**دوای ئازادبوونی کوردستان لەبوارەکەی خۆیدا کاری کردو چەندین پۆستی حکومی وەرگرت کە لەڕێگەیانەوە توانی خزمەتێکی گەورە لە بوارەکانی کشتوکاڵ و بونیادنانەوەی سامانی ئاژەڵ لە کوردستان پێشکەش بکات، بۆ چەند ساڵێکیش لە ڕێکخراوی کشتوکاڵ و خۆراکی جیهانی ( FAO ) لە هەولێر کاریکردووە.**

**خزمەتێکی زۆر و بە نرخی پێشکەش بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش نەبوو، بەتایبەتی بە من و دکتۆر کەمال فوئاد لە ساڵی ١٩٩٦ دا.**

کۆچکردوو بە دەست نەخۆشییەکی درێژخایەنەوە دەینالآند تا ئەو کاتەی لە ساڵی ٢٠٠٦ دا کۆچی دوایی کردو هەروەك خۆی وەسێتی کردبوو لە گردێك کە بەسەر شاری تەق تەق - دا دەیروانی بە خاك سپێردرا، هەواڵی کۆچکردنەکەی وەك هەورە بروسکەیەك وابوو بۆ من، کاتێك کە بەرێز عەدنان موفتی پێی راگەیاندم کە دکتۆر رەئوف کۆچی دوایی کردووە، لە دوای خۆی سامانێکی گەورەی جێهێشت کە خۆی دەبینێتەوە لە خێزانەکەی و کچەکەی و کورەکانی، ئەوانیش دکتۆر رۆژ کە مامۆستایە لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی هەولێر، هەلآت کە ئەندازیارێکی شارستانی سەرکەوتووە لە هەولێر، هەروەها هەرسێ براکەیشیم لە یاد نەچێت، ئەوانیش (وەهاب، پۆلا، هیوا) کە لەژێر چاودێری و سێبەری باوکیان کوێخا عەزیز پەروەردە بوون، کە رۆڵەکانی ناوچەی تەقتەق لە دیوەخانەکەیدا کۆدەبوونەوە و وەك کۆربەندێکی سیاسی و رۆشنبیری و ئایینی وابوو، کاریگەری لەسەر هۆش و ویژدانی گەنجانی کوردی ناوچەکە هەبوو و گیانی روبەروبوونەوە و سەربەزی تیادا چاندن.

لەکۆتاییدا دەڵێم: لەدەستدانی دکتۆر رەئوف کوێخا عەزیز، کە هاورێیەکی ئازیز و کەم وێنە بوو، پشتم پێ دەبەست و هەمیشە پشتم بە بیرۆکە و راوێژەکانی لە سەرجەم کارەکاندا دەبەست، تەنانەت لە کاروباری تایبەتی خۆشمدا، چونکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەبوو لەگەڵ کەسوکار و خێزان و هاورێکانمدا.





دەڵێم: کۆچکردنی کاریگەری و بۆشاییەکی گەورەی لە دەروون و ویژدانمدا جێهێشت، کە ناتوانرێت بە ئاسانی پربکرێتەوە بۆ هەتاهەتایە، داوا لە یەزدانی مەزن دەکەم کە روحە پاکەکەی بە بەخشندەیی خۆی بپارێزێت و ئارامی و ئۆقرەییش بە کەسوکارەکەی ببەخشێت.

لە کۆتاییدا سوپاسی ئەو کەس ولایەنانە،ئەکەم کەبەنووسینەکانیان سەبارەت بەخوالێخوشبو ئەم کتێبەیان دەوڵەمەند کردوە، وسوپاسی بێ پایانم بۆ کاك ئاراس ئیلنجاغی کەئەرکی کۆکردنەوە ونوسین ورێکخستنی ئەم کتیبەی گرتۆتە ئەستۆ بەو هیوایەیەی کە توانیبیتمان بە هەموومانەوە کەمێك لەسەروەرییەکانی کەڵە پیاوێکی وەك دکتور رەئوف عەزیز بخەینە ڕوو کەشایەنی زۆر لەوە زیاترە.

عادل مواد

٦-٨-٢٠١٢

## پێشەکی

حەزرەتی حاجی فەرموویەتی:

**شەوکەتی جووتەی سمێڵت تاکە مانەندی کەمە**
**تەرکەشی تیری تەژاو و شیری دەستی ڕۆستەمە**
**ڕووی لەتەختی ڕوومەتت هێناوە بۆ شانت دەڵێی**
**ماری سەرشانی زوحاک و دوژمنی تەختی جەمە**

ئەم شیعرەی حاجی بەسەر پیاوێکی تەقتەقی دا هەڵگوتراوە و زۆربەی خەڵکی تەقتەقیش دەڵێن مەبەستی لە (سەیهوود) بووە، کە بە (گردە) ناسراوبووە، ئەم گردەیەش باپیرە گەورەی دکتۆر ڕەئوفە، نامەوێت باسی خێزان و خانەوادەی دکتۆر لەم کتێبەدا بکەم بەقەد ئەوەی کە دەمەوێت باسی هەڵوێستی جوامێرانە وسەخاوەتی دکتۆر بکەم لەبواری خێرخوازی لەدواسات وساڵانی تەمەنی کە لەئاوێنەی مێژووی تەقتەق بەتاقەسواری تا ئەمرۆ دەرکەوتووە، بێ باکانەش دەنوسم ولەوانە ناترسم کە پێیان وایە قەلەمەکەم بۆ مەدح وسەنای خانەدانێك بەکارهێناوە، چونکە تێگەیشتنم لەچەمکی خێرخوازی و خزمەتکردنی زۆرینە، گەورەترە، بەپاساوترە ئینجا هەر کەسێك لەهەرچین وتوێژێك بێت کەبەوکارە هەڵسا بێت جێگەی ڕێزە، حورمەتە، ستایش و پیاهەڵدانە وەك حەزرەتی حاجی فەرموویەتی:

**لەلای ئەربابی خۆی بۆقەدروقیمەت     خەزێنەی گەوهەرە وکیسەی دراوە**

ئازایەتی و لەخۆبوردەیەی مرۆڤ جگە لەگیان و جەستە بەخشین، ئەمەش دەگەیەنێت کە مرۆڤ سەروەت وسامانی خۆی لەڕێی کاری مرۆڤدۆستی و





خێرخوازی بۆ بەرژەوەندی گشتی و خزمەتکردن بەمرۆڤایەتی خەرج بکات، ڕەنگە زۆربەمان سەخاوەتی حاتەمی تەیی و حەمەقەدۆی موسڵ-مان بیستبێ و گەورەیی حەماغای گەورەی کۆیەمان لەو بوارە بەرگوێ کەوتبێ هەربۆیە حاجی لەوەسفی خەڵکی کۆیە ووتویەتی:

**ئەهالی ڕۆستەمن وەقتی شەجاعەت     لەحاتەم زێترن وەقتی سەخاوەت**

خوێنەری بەرێز ئەوەی لەبەردەستدایە، گەشتی ژیانی خوالێخۆشبوو دکتۆر ڕەئوف وهەڵوێست وکارە خێرخوازیەکانیەتی لەبنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف و پەیڕەو و ئامانجی بنکەکەو چۆنیەتی دامەزراندنی بنکەکەوخەرجکردنی داهاتەکەیەتی، هەروەها گردوکۆکردنەوەی ئەوبابەتانەی کە لەلایەن و دۆست و هاوڕێ-یانیەوە لەسەری نوسراون، لەگەل مەراسیمی چلەی ماتەمینی خوالێخۆشبوو و هەندێك وێنەی دۆکیومێنتاری ژیانی دکتۆرە، بەو هیوایەی ئەم کتێبە ببێتە مایەی ئاسوودەیی بۆگیانی پاکی دکتۆر و ئەمەکداری ئەوانەی لە ڕۆژنامەی تاک کاریانکردووە، ببێتە مایەی هاندانی خاوەن سەرمایەکانیتری شارۆچکەی تەقتەق بۆ کاری خێرخوازی و مرۆڤ دۆستی.

ئاراس ئیلنجاغی
تەقتەق
١٥-٥-٢٠١٢

# بەشی یەکەم

# گەشتی ژیان و هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی

## دکتۆر رەئوف تەمەنێك لەتێكۆشان وخزمەتكردن

دکتۆر رەئوف کوری کوێخاعەزیزی کوری کوێخارەشیدە، لەخانەوادەیەکی کوێخازادەی مەلاکی تەقتەق-ە، دوای کوێخا عەزیزی باوکی ئەو وەك کوێخایەکی خاوەن بروانامەومەعریفەوئەکادیمیەکی پسپۆرلەبنەماڵەکەیان دەرکەوت.

خێزانەکەی ناوی گەلاوێژموحەمەدنوری نەوەی مەلانوری ئیمام قاسمی کەرکوکە، دکتۆر ساڵی ١٩٤٧لەشارۆچکەی تەقتەق لەدایکبووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە تەقتەق و کۆیەوهەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٦٩کۆلیژی ڤێرتێرنەری لەزانکۆی بەغداد تەواوکردووە، ساڵی١٩٧٦لەزانکۆی لیڤەرپولی بەریتانی ماستەری لەپزیشکی ڤێرتێرنەری وەرگرتووە، ساڵی ١٩٧٩لەهەمان زانکۆوپسپۆریدا لەبەریتانیا بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە.

دوای تەواوکردنی خوێندن لەسلك وپۆستی جیاجیادا خزمەتی گەیاندووە بەمیللەت وەك:





١-پیشەی پیرۆزی مامۆستایەتی کردووە لەپەیمانگای ڤێرتێرنەری لە بەغداد لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧١.

٢-بەرێوەبەری بەیتەرەی هەولێربووە بۆماوەی چوارساڵان ١٩٧١-١٩٧٥.

٣-بۆماوەی چوارساڵان لە زانکۆی موسڵ مامۆستای زانکۆ بووە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٤.

٤-بۆماوەی چوارساڵان بەرێوەبەربووە لە کۆمپانیای پەلەوەڕی گشتی لەناوچەی کوردستان(مەبەست هەرێمی کوردستانی عێراق)لەنێوان ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٨.

٥-ساڵێك بەرێوەبەری تاقیگەی ڤێرتێرنەری بووە لەناوچەی کوردستان ١٩٨٨-١٩٨٩.

٦-بۆماوەی دووساڵ مامۆستای زانکۆبووەلەزانکۆی سەلاحەددین لەنێوان ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٣.

٧-بۆماوەی سێ ساڵان وەك پسپۆر لەرێکخراوی فاو کاریکردووە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٧-٢٠٠٠.

٨-دامەزرێنەری بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوفە لەتەقتەق ساڵی٢٠٠٢-٢٠٠٣.

٩-لەساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤لێپرسراوی کۆمیتەی ریفراندۆم بووە لە بەریتانیا.

بەداخەوە ئەم زاتە ماوەی تەمەنی کورت بوو(٥٩)ساڵ ژیا، ئەو مرۆڤە خۆراگرە چوارساڵ(٢٠٠٢-٢٠٠٦)بەرەنگاری نەخۆشی بۆوە دوای سێ نەشتەرگەری لەووڵاتی بەریتانیاو ئەڵمانیا، دواجار لەشاری هەولێرلەبەرواری ١٤-٩-٢٠٠٦لەدەم ژمێر٢:١٠دوو و دە دەقیقەی شەومالئاوایی لێکردین و دڵەگەورەکەی لە لێدان کەوت لەگۆرستانی(بانەڕەقە)ی تەقتەق بەخاك سپێردرا.

لە ساڵی ٢٠١١ ڕێزلێنانی فەخری دەی جیهانی پێدراوە، هەروەها بنکەیەك بۆ توێژینەوەی ڤێرترینەری لە قەزای زاخۆ بەناوی ئەم زاتەوە کراوەتەوە.

دکتۆر لەپاش خۆی دوو کوری بەناوەکانی (هەڵات: ئەندازیارە)و(ڕۆژ: دکتۆرای نەخۆشیە دەرونیەکانە)لەگەل کچێك بەناوی(شیرین: مامۆستای زمانی ئینگلیزییە)جێهێشتووە، هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی خوالێخۆشبوودکتۆر ڕەئوف و داواکارین یەزدانی مەزن بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات.





## دانیشتن لەگەڵ دکتۆردا

لەهاوینی ساڵی ٢٠٠٥لەچەمی کوێخا ڕەشیدی باپیری لەسەرووی تەقتەق،کاتێکمان دیاریکردلەدەمەوئێوارە سعات ٦بوو، بەداخەوە ڕۆژوبەروارەکەم بیرنەماوە برادەرانی ڕۆژنامەی تاك و خوالێخۆشبوو دکتۆر ڕەئوف بۆماوەی ٢کاتژمێربەیەکەوە بووین، ئاوهەوایەکی گەرمی هەبووبەڵام شنەی سەرزێی بچووك نەیدەهێشت ئارەقە بکەین، بەدەم قسەکردنەوە کۆمەڵێك بابەتمان هێنایە بەرباس و لێکۆلینەوە، دکتۆر لەبەرئەوەی مرۆڤێکی ئەکادیمی کامڵ، مرۆڤ دۆست، پەیامێکی هەبوو دەیووت"مرۆڤ نابێ ڕەگەزی خۆی بپەرستێ، قەوم خوازی پەیوەندی بەنەژادەوە نیە، بەڵکوئینتیمابوون بۆخاك وهاولاتیبوون گەورەترین ئەمەك و دڵسۆزییە کەمرۆڤ پێشکەشی خۆی و دەوروبەری بکات".

هەروەها دەیووت"مرۆڤ دەبێت نەڕوانێتە ئەوەی تۆ کێ ی وەچی یان لەچ بنەماڵەیەکی بەڵکو پێویستە بەگوێرەی ئەوەی مرۆڤەکە چی پێ یە؟ چی دەتوانێ؟ بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت".

دکتۆر کەسایەتیەکی بێدەنگ و بەویقاربوو، کاتێ کەلەگەڵی دائەنیشتی زۆر بەئاسانی ئەم سیفەتەیت هەست پێدەکرد،

لەپرسیارەکاندا بۆت دەردەکەوت کە ئەو ئارەزووی لەکورتبڕیە، بەوە دەچوو ووتەی(خیر الکلام ماقل ودل)ئەو بەپراکتیکی تەرجومەی سەرژیانی خۆی کردبێت، خاوەن هۆشێکی خارق، زیرەك، بلیمەت بوو لەگفتوگۆدا هەوڵی دەدا کەئامادەبوو و ئامادەنەبوو دڵیان لە قسەکانی گەرد نەگرێ، وات هەست دەکرد دەیەوێت کەهیچ کەس دڵی نەشکێ، تارادەیەکی زۆر ئەوە لات دروست دەبوو کە دەیەوێ ووتەکەی سەلاحەددینی ئەیوبی جێ بەجێ بکات کە دەفەرموێت"زۆرجاران لای من گرتنی دڵێك گەورەترە، لەگرتنی شارێك".

ئەو مرۆڤێك بووخوێندن وخوێندەواری ئاسوودەی دەکرد، بەردەوام لەگەڵ هەرکەسێك قسەی بکردایە لە ئەحواڵی خوێندنی منداڵەکانی ئەپرسی چونکە زۆرچاك دەیزانی مرۆڤێکی خوێندەوار بەخششی زۆرتر ئەبێ لە نەخوێندەوارێك، کاکە هەڵاتی کوری دەڵێ"باوکم بەبەردەوامی بەهاوسێکانمانی ئەووت بامناڵەکانتان بخوێنن".

ئەو مرۆڤە گەورەیە نیوەی تەمەنی زیاتربەخزمەتگەیاندن بردەسەر، خاوەن پسپۆرییەکی دانسەق ودەگمەن بوولەعێراق وکوردستان، لەگەل ئەمەشدا پیاوێکی لەخۆبایی ولەخۆڕازی نەبوو، بگرە شانبەشانی ئەوەی کە کادروهەڵسوراوێکی زانستی بوو ئەوەندەش ڕۆشنفکروخەڵك ناس وکۆمەلایەتی بووە، ڕێزی گەورەو بچووکی دەگرت، لەلێقەومانی





هەژاران دەستی دەکردەوە، لەماڵی خۆیدا سەخی ودڵفراوان ونانەدەربوو، بەم ئەدگاروخەسڵەتە بەرزانەی جێگای شیاوی لەدڵ ودەروونی هاوکاران وخزم وکەس وکارو دۆستی بەرکەوتبوو.

لەکۆتایی ساڵی خوێندنی ٢٠٠٤-٢٠٠٥لەکاتی خەڵات دابەشکردن بەسەر خوێندکارە سەرکەوتووەکانی ناوەندی وئامادەییەکانی تەقتەق لەژووری بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی تەقتەق کە لەناوبینایەی بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف-ە، بەیەکەوە دانیشتبووین باسمان لەوەدەکرد کە پێویستە مرۆڤ هەوڵبدات شاری خۆی گەشە پێبدات لەبوارە جیاجیاکاندا، لێرەدا باسی خەڵکانێك کرا کە بەهیچ شێوەیەك خزمەتی بەرژەوەندی گشتی ناکەن، ئەویش لەدێڕێکی کورتبڕیدا ووتی"کاك ئاراس دەمەوێ بزانی دەرهێنانی پارە لەباغەڵی خۆت جورئەتی دەوێ، ئەو جورئەتەش هەموو کەس نیەتی با باغەڵی گەرمیش بێت".

## خاوەن ئیمتیازی تاک

هەرچەندە مامۆستا کاکەخان نەسرەدین بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەقی پێشوو خاوەن ئیمتیازی فەرمی ڕۆژنامەی تاک بوو، بەڵام ئەوە دەبێت باس بکرێت کە دکتۆری کۆچکردوو شانبەشانی ئەو خاوەن ئیمتیازێکی گومناو و فەخری تاک بوو، هەرچەندە دکتۆر زۆربەی تەمەنی لەشارەکانی تری کوردستان و عێراق و وڵاتانی ئەوروپا بەسەربردووە، بەڵام دوورونزیک ئاگای لەشوێنی لەدایکبوونی خۆی(تەقتەق)هەبووە، هەربۆیەش بەدەرکردن ووەشاندنی مانگنامەی تاک زۆردڵخۆش بوو، بەردەوام ڕێزوسڵاوی بۆ دەستەی نوسەرانی تاک دەنارد وهاوکاری ماددی ومەعنەوی ڕۆژنامەکەشی دەکرد، لەنامەیەکدا کەلە١١-٣-٢٠٠٥نوسیبووی پێشنیارەکەم"ئەگەربکرێ چالاکی کۆمەڵایەتی ناو تەقتەق وەک ژن گواستنەوە، پرسەوسەرەخۆشی وە شتی خۆش وناخۆش بنوسرێ لەناو تاک".





ئەمەش دەقی نامەکەیە کە بۆ بەندەی نوسیووە دەربارەی پرسیارەکانی کەکردوومە لەکارەخێرخوازییەکانی وپێشنیاری و سەرنجی بۆ ڕۆژنامەی تاک:

**بەڕێز کاک ئاراس ئیلنجاغی**

ئەم کاتەت شاد

زۆرسوپاس بۆنامەکەت، وەڵامەکانم:

١- هەر بەردەوام دەبم لەیارمەتیدانی تاک.

٢- مەبەست وکارەکانی بنکەی خێرخوازیەکە: بۆبڵاوکردنەوەی هۆش و بیری خێرخوازی لەناو خەڵک، لەباتی دژایەتی یان ناکۆکی لەناو دانیشتوانی شارۆچکەکەمان، هەروەها یارمەتیدانی خوێندکاری زیرەک بەتایبەتی هەژاران وەهاندانی خەڵکان بۆزیاتر خوێندن وسوربوون لەسەرناردنی منداڵان بۆ خوێندن، گەنجان تەماشاکەن خەڵکی باش وەخێرخواز وەنیشتمانپەروەر هەیە لەناو شارۆچکەکەمان، مومکینە بۆداهاتووش خەڵکی تریش هەبێت چاومان لێبکات بۆزیاتر خزمەتی ناوچەکەمان.

٣- شوێنی پرسە لەسەر داواکاری پیاوماقوڵان وڕیش سپی شارەکەمان بڕیارم داوە هۆڵێکی گونجاو دروستبکەم بۆ ئەم مەبەستە، وە داوام لەبەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق کردیە کە زەوییەکی گونجاو بۆ ئەم

کاره بۆمان تەرخان بکات، چاوەڕوانی هەوڵەکانی مامۆستا کاکەخانین کاری خێری خۆی بکات.

٤- سێ ژمارەی تاك تاکو ئێستا دوو ژمارەی تاك-م بینیووە، زۆرباشە دەست خۆشیتان لێدەکەم بۆ ژمارە یەك ودوو، وە بۆ هەربڵاوکراوەیەکی تازە زۆرباشە، لەهەمووی زیاتر ڕام لە نوسینەکەی تایبەت بەمێژووی تەقتەق بوو... هەندێ بۆچوونی تریش هەیە کەچاوم پێتان کەوت باسی دەکەین، زۆرم پێخۆشە ئەگەر ڕۆژێك بتوانن هەڤالەکانت بێن بۆ لام لەهەولێر، یەکەم : میوانم بن، دووەم: باس لەکارەکانتان وەئیشەکانی منیش بکەین لەنزیکەوە، تکایە پێش هاتنتان تەلەفۆنم لەگەڵدا بکەن، نەوەك لەهەولێر نەبم تەلەفۆنەکانم (مۆبایل کۆرەك..... تەلەفۆنی ماڵ...).

٥- پێشنیارەکەم ئەگەربکرێ چالاکی کۆمەڵایەتی ناو تەقتەق وەك ژن گواستنەوە، پرسەوسەرەخۆشی وە شتی خۆش وناخۆش بنوسرێ لەناو تاك.

ئیترزۆر ڕێزوسلاوم بۆ خۆت و هەڤاڵەکانت وەسەرکەوتوو بن لە هەوڵەکانتان وە هەرخۆش بن.

برات/ ڕەووف

١١-٣-٢٠٠٥





## دکتۆرخەمخۆری تەقتەق بوو

خوالێخۆشبوو دکتۆر رەئوف لەبەر پەرۆشی بۆ تەقتەق و دەوروبەری، وەك هاندانی نووسەرانی تاك بۆ بەردەوامی وخزمەتی زیاتری تاك بەتەقتەق جگە لەدەستگرۆیی ماددی، بابەت و نوسینیشی لەتاك بڵاودەکردەوە، یەکێك لەوبابەتانەی کەبڵاوی کردەوە لەتاك لەژمارە(٧)ی ساڵی یەکەمی تەمموزی ٢٠٠٥بوو، لەژێر ناونیشانی( شارۆچکەکەی تەقتەق یان تاك ، چۆن بیگۆڕین بۆشارێکی شارستانی تازەو بە بەرهەم)والەخوارەوە دەقی ئەو ڕاپۆرتە کە لەلاپەرە سێی تاك بڵاوکراوەتەوە وەك خۆی بڵاودەکەمەوە کە دکتۆر نوسیویەتی و دەڵێ:

شارۆچکەی تەقتەق کە کەوتۆتە سەر زێی بچووك، لەنێوان شاری دووکان و شارۆچکەی پردێ یە، شارۆچکەی تاك کەساڵی ١٩١٨بووە بەناحیە، وەدیارە یەکێکە لەهەرە ناحیە کۆنەکانی کوردستان و عێراق، بەڵام بەداخەوە زۆر کەم پێشکەوتنی شارستانی بەخۆیەوە دیووە، جگە لەکارەکانی حکومەتی هەرێم و هەندێ ڕێکخراوی بیانی کە لەم ساڵانەی دواییدا ئەنجامدراوە، چونکە حکومەتەکانی بەغداد یەك لەدوای یەك هیچیان نەکردووە بۆشارۆچکەی تاك، بەڵکو بەپێچەوانەوە

ڕژێمی بەعس ئەوەی هەش بوو لەگوندەکانی سەربەناوچەکە وێرانی کرد، ناوچەی تاك هەردەم شوێنی خەباتی پێشمەرگە بووە و دووچاری مەینەتییەکی زۆرو زیانێکی زۆر لەگیان ومال هاتووە، هەموو کارەساتەکانی کوردستان ناوچەکەی بەتوندی گرتۆتەوە، هەر بۆیە پێشکەوتن تێیدا کەم بووە، بۆ پێشخستنی تاك بەبۆچوونی خۆم ئەبێ چەند خاڵێکی گرنگ هەیە ڕەچاو بکرێ، ئەویش تێکرا یان هەمووی دەگەرێتەوە سەر پتەوکردنی ژێرخان(البنية التحتية)لەشارۆچکەکە، وەك ڕێگاوبان، نەخۆشخانە، خوێندنگا، تۆڕەکانی ئاووکارەبا، باخچەی گشتی وکۆمەڵێ شتی تر، وە ئەبێ یاسا لەسەر هەمووان زاڵ بێ، بێ ئەمانە هیچ جۆرە پێشکەوتنێك بەدی نایەت، لێرەوە دەمەوێ بەدرێژی باس لەهەندێ لەم خاڵانە بکەم:

یەکەم: گەشتیاری(**السياحة**)

ناوچەی تاك شوێنێکی زۆر گونجاوە بۆ گەشتیاری بەتایبەتی بۆ خەڵکی کەرکوك و کۆیە، بەڵام بەداخەوە نەڕێگای(کۆیە-تاك)وە نە ڕێگای(کەرکوك-تاك) تەواوە بۆ ئەم مەبەستە، وەچاککردنی هەردوو ڕێگا دیسان زۆر بەکەڵك نی یە، چونکە هەرخێزانێك شارەزای ڕێگای(کەرکوك-تاك)نەبێت، بۆ یەکەمجار لەکەرکوکەوە بێت ئەمە بێ سێ ودوو تووشی سەرسوڕمان ودڵ هەڵچوون وڕشانەوە دێت، تاوەکو





دەگاتە شارۆچکەکە، ئەبێ ڕێگای تازە لەبنەڕەتەوە دروستبکرێ، ئەوکاتە ئۆتۆمبیل لەکەرکوکەوە بۆتاك بە(٣٠-٤٠)دەقیقە دەگاتە لامان بەبێ ئەم هەموو پێچەوبڵندونزمیەی کەهەیەتی، هەروەها هەمان شت بۆڕێگای تاك بۆ دووکان وتاك بۆ پردێ بەدرێژایی ئاوەکە، وەئەگەرلەداهاتوو بیر لەکردنەوەی هێڵی شەمەندەفەر بکرێ ئەمە هەر گەلێك باشە.

دووەم: کشتوکاڵی

بەهۆی تێپەڕبوونی زێی بچووك بەناوچەکە، لەگەڵ بوونی کانیاو، ئەتوانین بڵێین ناوچەکە گەلێك گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، بەداخەوە ئیش وکاری کشتوکاڵی گەلێك دواکەوتووە، نەك هەرلەوناوچەیە بەڵکو لەهەموو کوردستانیش، زۆربەی زۆری ئارەقەی نێوچەوانی جوتیاران بەفیڕۆ دەڕوات، لەبەرئەوەی نازانن چۆن کارەکانیان بەشێوەی تازە ئەنجامبدەن، وەیان لەبەر نەخۆشی ڕووەك و هەندێ شتی تر بەنمونە لەوولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەیەك دۆنم زەوی زیاترلە(١,٥)تەن گەنم بەرهەم دەهێنن، ئەبێ جوتیاران هانبدرێن و فێربکرێن ویارمەتیان بدەین ڕێگای تازە بەکاربهێنن بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی وەك بەکارهێنانی:

**١-ئامێری تازە بۆ ئاودان وەك(الری بالتنقیط یان الری بالرش)،** لەهیچ شوێنێك لەدونیادا نەماوە ئاودانی خەیاروتەماتە بەم شێوەیەی ئێستا هەیە لەکوردستان(بەڕێگای گۆل)بۆنمونە دەولەتی ئوردەن بەهەمووی بەقەدەر زێی بچووك ئاویان نی یە، بەڵام بەروبومی کشتوکاڵیان بۆخۆیان و بگرە بۆناردنی دەرەوەشیان هەیە بەو ڕێژە ئاوە کەمەی کەهەیانە، چونکە دەڵێن ڕێگای بەئاودانی دلۆپاندن، تاوەکو ٩٠٪ بەفیرۆچوونی ئاو کەمدەکاتەوە، وە زۆر نەخۆشی ناهێڵێ و بژار لەکۆل دەکاتەوە، هەروەها دەبێ ئامێرەکانی تری پێویست بۆ کشتوکاڵ کردن بهێنرێن وبەنرخێکی گونجاو بدرێن بەجوتیاران ولەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە کۆمەڵێك کادیروپسپۆڕی کشتوکاڵی زۆرباش لەناوچەکە پێبگەیەنرێن.

٢-دابینکردنی(شەتڵی داری بەری)لەجۆری باش بەنرخێکی گونجاو بۆ وەرزێرانی ناوچەکە، وە زۆرباش لەبەرچاومانە لەداهاتوویەکی نزیك هەموو ناوچەکە بەیەك پارچە دەبێتە ڕەزو وباخ وەك ناوچەکانی سامەڕاودێڵتاوە وباقوبە، جوتیارانیش لەم ناوچەیە حاڵیان زۆر باش دەبێ هەربەبەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵی.





٣- دروستکردنی پڕۆژەی ئاودان، ئەویش بەگواستنەوەی ئاو لەڕووباری زێی بچووکەوە بۆ ناوچە بڵندەکان لەدەشتی کۆیەوشوێنەکانی تر وەك بانی تاڵەبان.

سێیەم: پیشەسازی(**الصناعة**)

ناوچەی تاك زۆر لەبارە بۆبنیاتنانی هەندێك پڕۆژەی پیشەسازی چونکە ئاو بەیەکێك لەبنەماکان دادەنرێت و زەوییەکانیش زۆربەی بڵندونویان تێدایە کە ئاوەڕۆگەی سروشتی خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە زەوییەکان بەکەڵکی کشتوکاڵکردن نایەن، بۆ کاری پیشەسازی مومکینە گونجاوتر بێت، پڕۆژەی کەپەیوەندی هەیە بەبەروبومی ناوچەکە پێویستە بونیات بنرێت وەك کارگەی ئاوی تەماتەوشتی تر، یەك پرۆژەی پەڵەوەر هەیە لەناوچەکە کاربۆفراوانی بکرێت و دەتوانرێت دەیان پرۆژەی تر دروست بکرێت، خۆشبەختانە حکومەتی هەرێم لەهەوڵی ئەوەدایە بەنداوێك لەسەر زێی بچووك لەنێوان گوندی موخەرەس و گوندی چۆمەیدەر دروست بکات، کە ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ دروستکردنی وێستگەی کارەبایی، لەگەڵ دروستکردنی پاڵێوگەی نەوت لەڕێگای تاك-کۆیە، لەبەرئەم هۆیانە ناوچەکە کۆمەڵێك بنەمای تێدابەدی دەکرێت کەجێگای دڵخۆشی یە بۆ شارۆچکەکەمان(تاك) لەداهاتوودا لەهەریەك لەبوارەکانی

گەشتیاری وکشتوکاڵی وپیشەسازی بەرەو پێش ببردرێت بۆ هەر یەکێك لەم بوارانەش پێویستە ماوە بەماوە هیممەت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بکرێت کە بەبۆچونی من تاکو ئێستا هیممەتی باش کراوە بەڵام خزمەتگوزاری و پرۆژەی تری پێویستە.





## داواکاری دکتۆر بۆدامەزراندنی بنکەیەکی خێرخوازی

بەرێز/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

من(د. رەئوف عەزیز) بەنیازم پرۆژەیەکی خێرخوازی لەشارۆچکەی تەقتەق، دروستبکەم کە(مەکتەبەیەك لەگەڵ چەند دوکانێك)بێت، لەسەرپارچە زەویەك لەنزیك بەرێوەبەرایەتی ناحیەی کۆن، لەپێناوگەشەپێدانی بواری رۆشنبیری لە تەقتەق وهەروەها ئەم دوکانانەش لەپێناو بەردەوام دابینکردنی مەساریفی مەکتەبەیە کە بۆ هاندانی خوێندکاری کەم دەرامەت بۆ بەردەوامبوون لەخوێندن، وە هەموو پرۆژەکە لەسەر مەساریفی خۆم دروست دەکەم تەنها پێویستمان بەدابینکردنی پارچە زەویەك هەیە.

لەگەل رێزماندا

خێرخواز

د. رەئوف عەزیز رەشید

١٢-٨-٢٠٠٢

دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بەنوسراوی ژمارە١/١٦/٤٧٧٩لە١٨-٨-٢٠٠٢بەنوسراوی ژمارە ٤٨٠لەبەرواری

١٨-٨-٢٠٠٢ی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار نوسینگەی تایبەت، سەرۆکایەتی شارەوانی تەقتەق، پارچە زەوییەکەی دابینکردولەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ەوە پرۆژەکە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و لەسەرەتایی ساڵی ٢٠٠٤پرۆژەکە کارەکانی خۆی تەواو جێبەجێکراو و بەرێکەوتنێك لەسەر بنەمای سەرەوە لە ٩-٥-٢٠٠٤بنکەکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوف لەگەل بەرێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەق دەستی بەکارەکانی کردولەخوێندنی ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ لە بەرواری ٢٨-٧-٢٠٠٥ یەکەم خەلاتی ساڵانەی دکتۆر رەئوف بەئامادەبوونی دکتۆری کۆچکردوو لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی تەقتەق کە لەنێو بیانی بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوفە بەرێوەچوو و تائەمرۆش ئەو بنکە خێرخوازییە بەردەوامە لەکارە خێرخوازییەکانی.





**مەرامی دکتۆر**

**دوای تەواوبوونی پرۆژەکە بەدەستنوسی خۆی**

بۆ بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

ئەم کاتەت باش

من خێرخواز دکتۆر ڕەئوف عەزیز ڕەشید، پرۆژەیەکی خێرخوازیم تەواوکردووە لەشارۆچکەی تەقتەق کە بریتی یە لەکتێبخانەیەکی گشتی وەهەشت دوکان بەگوێرەی نوسراوتان ژمارە(٤٧٧٩)لەبەرواری ١٨-٨-٢٠٠٢پرۆژەکە تەواو بووە، بۆیە تکام وایە لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕازی بفەرموون بۆ ئەوەی پرۆژەکە بەکاربخەین بۆخزمەتی خوێندکارانی هەژار لەشارۆچکەکە:

١- لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی خۆم و وە ئەندامەتی بەرێوەبەری خوێندنگەی ئامادەیی تەقتەق وە بەرێوەبەری خوێندنگای ناوەندی تەقتەق بۆ سەرفکردنی داهاتی دوکانەکان لەسەر خوێندکاری ژیروبەتوانا لەتەقتەق، هەر ئەم لیژنەیە دوکانەکان بەموزایەدە بەکرێ بدات، هەروەها کتێبخانەکەش سودمەند دەبێ لە داهاتەکە.

٢- حسابێك بكرێتـەوە لـەبانقی كۆیـە[(١)] بـۆ وەرگرتنـی داهـاتی دوكانەكان، دوو كەس توانای دەركردنی پارەیان هەبێ پێكەوە، یـەكیان خۆم و وەدووەمیان بەرێوەبەری ئامادەیی تەقتەق، هەر كەسێك بێت.

٣- هـیچ پارەیـەك سـەرف نـەكرێ ئەگـەر نوسـراو نـەبێت چ لەبەرێوەبەری كتێبخانەی گشتی وەیـان لەبەرێوەبـەری خوێنـدنگاكانی تەقتەق.

٤- خێرخواز كە خۆمم بۆم هەبێ پارەی تر لەگیرفانی خـۆم بخەمـە سەر حسابەكە بۆ سەرف كردن ئەگەر پێ ویست هەبوو.

٥- ئەگـەر وەزارەتـی ڕەوشـەنبیری موچـەخۆری خـۆی دانـا بـۆ كتێبخانەكە لەگەڵ كرێكارێك، زۆرباشـە، بـەلام بەپێـچەوانەوە ئەمـە لەداهاتەكە موچەخۆرێك لەگەڵ كرێكارێك دادەمەزرێ بۆ ئەم كارە.

لەگەڵ زۆرسوپاس

ئیمزای خێرخواز

د. ڕەئوف عەزیز ڕەشید

هەولێر

ت ٢٢٦١٧٩٧

(١) ئەوكاتە بانقی تەق تەق نەكرابۆوە، چونكە ساڵی ١٧/٦/٢٠٠٨ لـە لایـەن شێخ بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم كرایەوە.





## ڕێكەوتنامەی بەرێوەبەراتی ناحیەی تەقتەق و دكتۆر

پاڵپشت بەنوسراوی ئەنجومـەنی وەزیـران ژمـارە(٤٧٧٩)لەبـەرواری ١٨-٨-٢٠٠٢

كەبـەرێز(د. ڕەئـوف عـەزیز ڕەشـید)هەڵدەسـتێ بەدروسـتكردنی پرۆژەیـــەكی خێرخـــوازی كـــە لـــە(پەرتوكخانەیـــەك وچـــەند دووكانێك)پێكـدێت، لـەناو حەوشـی بەرێوەبەرایـەتی كـۆنی ناحیـەی تەقتەق، بۆخزمـەتكردن وهۆشـیاركردنەوەی دانیـشتوانی شارۆچـكەی تەقتــەق ودەوروبــەری، كـەداهاتی دوكانـەكانیش خـەرج بكرێـت بـۆ خوێندكاری هەژاروبەرێوەبردنی پەرتوكخانەكـەو كـاری خزمـەتگوزاری جۆراوجـــۆری شارۆچـــكەكە، پـــاش تـــەواوبوونی هـــۆڵی پەرتوكخانەودوكانەكان لەسەر ئەم خاڵانە ڕێكـەوتین لەگـەل بـەرێز(د. ڕەئوف عەزیز ڕەشید):

١- بڕیاردرا لیژنەیەك پێكبهێنرێت بـۆ سەرپەرشـتی بـەكرێ دان و وەرگرتنی كرێ ی دوكانەكان كە لەم بەرێزانە پێكدێت:

ا-بەرێزكاك د. ڕەئوف عەزیز ڕەشید یان هەڵاتی كوری یان نوێنـەری خێزانەكەیان وەك سەرۆكی لیژنە.

ب- عەبدی عەبدولکەریم ئۆمەر، وەك ئەندام

ج-مامۆستا جبارسوارە رەحمان، وەك ئەندام

٢-بڕیاری ئەوە درا کەپەرتوکخانەی تەقتەق بچێتە ناو بینایە تازەکەوە.

٣-بڕیاری ئەوە درا کە ئەو دوکانانەی لەگەڵ پەرتوکخانەکە دروستکراوە بەکرێ بدرێن وکرێ ی دووکانەکان بۆ خوێندکاری هەژاروکەم وکوڕی پەرتوکخانەکەوکاری خێرخوازی جۆراوجۆر لەشارەکە خەرج بکرێت.

٤-هیچ جۆرە خەرجکردنێك بەبێ ڕەزامەندی سەرۆکی لیژنەوئەندامانی لیژنە نابێت.

٥-سالآنە لەداهاتی دوکانەکان خەلآت تەرخان بکرێت بۆیەکەم ودووەمی قوتابخانەکانی ئامادەیی و ناوەندیەکانی تەقتەق، ناوی لێ بنێن خەلآتی سالآنەی دکتۆر رەئوف.

| | |
|---|---|
| لایەنی یەکەم | لایەنی دووەم |
| د. رەئوف عەزیز رەشید | کاکەخان نەسرەدین ئەمین |
| | بەرێوەبەری ناحیەی تەقتەق |
| | ٩-٥-٢٠٠٤ |





## پەیڕەوی بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوف

**لەساڵی خوێندنی ٢٠٠٤-٢٠٠٥دەستی بەکارەکانی کردووە**

**پێناسە**

بنکەیەکی خێرخوازی-یە، لەکتێبخانەیەك وچەند دووکانێك پێکهاتووە، لەسەرزەوی حەوشەی بینای بەرێوەبەرایەتی ناحیەی کۆنی تەقتەق، لەسەر ئەرکی دکتۆر رەئوف کێخوا عەزیز کێخوا رەشیدی تەقتەق دروستکراوە.

**ئامانجی بنکەکە**

- مەبەستی سەرەکی لەدروستکردنی خێرخوازی-یە، ئەو ئامانجانەی خوارەوەی هەیە:

١-خزمەتکردنی کتێبخانەی گشتی تەقتەق، بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی دانیشتوانی تەقتەق ودەوروبەری.

٢-هاندانی خوێندکارانی (ناوەندی و ئامادەیی ) یەکانی خوێندنگاکانی ناو شارۆچکەی تەقتەق بۆ خوێندن.

٣-دەستگرۆیی کاری خزمەتگوزاری گشتی جۆراوجۆری تر لەشارۆچکەی تەقتەق.

**لیژنەی سەرپەرشتی**

- لیژنەی سەرپەرشتی پێکهاتووە لەسەرۆك وچەند ئەندامێك بەم شێوەی لای خوارەوە:

١- سەرۆك: سەرۆکایەتی بنکەکە بۆخانەوادەی دکتۆر رەئوفی کۆچکردووە،یان نوێنەری خێزانەکەی.

٢- **ئەندامەکان:**

ا-ئەندامێك لەبواری پەروەردە شارەزا بێت وەك نوێنەرێکی پەروەردەیی، لەلایەن سەرۆکی بنکەکەوە دیاری دەکرێت.

ب-ئەندامێك وەك نوێنەری کتێبخانەی گشتی تەقتەق.

ج-ئەندامێك وەك نوێنەری کارگێری بەرێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەق.

د-ئەندامێك وەك کەسایەتیەکی کۆمەلایەتی شارۆچکەی تەقتەق لەلایەن سەرۆکی بنکەکەوە دادەنرێت.

**داهاتی بنکەکە**

-داهاتی بنکەکە لەقۆناغی ئێستادا تەنیا کرێ ی دوکانەکانی بنکەکەیە، ئەویش بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەل دەکرێت:





١- کرێ ی دووکانەکان مانگانە لەلایەن کەسێکەوە کە لیژنەی سەرپەرشتیاری یان سەرۆکی بنکەکە دیاری دەکات کۆدەکرێتەوە، بەرێگەی یاسایی دەخرێتە بانکی تەقتەق-ەوە.

٢-ڕاکێشانی ئەوداهاتە لەکاتی پێویست لەلایەن سەرۆکی بنکەکەوە یان یەکێك لەئەندامانی بنکەکەوە دەبێت کەلەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیاریەوە دەستنیشانکراوە.

٣-ساڵانە لەکاتی یادی کۆچکردنی دکتۆر رەئوفی کۆچکردوو، کە ١٤ی ئەیلولی هەموو ساڵێکە، بەشێك لەوداهاتە ڕادەکێشرێت بۆ خەڵاتی دکتۆر رەئوفی ساڵانە بەسەر خوێندکارە سەرکەوتووەکانی خوێندنگا ناوەندی و ئامادەییەکانی شارۆچکەی تەقتەق، بەم شێوەی خوارەوە:

ا- خەڵات تەنیا ئەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کە یەکەم ودووەمی قۆناغەکانی (٧-١٢)ی خوێندنگەبنەڕەتی وئامادەییەکانی تەقتەق بێت.

ب-بەگوێرەی قۆناغەکانی خوێندن خەڵاتەکان دیاریدەکرێن.

ج-خوێندکارانی خوێندنگەی ئێواران وپیشەیی ناگرێتەوە.

د-کارەخێرخوازیەکانیتری بنکەکە، کاریگەری دەبێت لەسەربڕی ئەو داهاتەی کەلەوبۆنەیەدا دەکرێنە خەڵات.

٤-بڕێك لەو داهاتە دەستگرۆیی و کۆمەکی خێرخوازی جۆراوجۆریتری لەتەقتەق پێ ئەنجامدەدرێت.

٥-ئەگەرپێویست بوو، بڕێك لەوداهاتە بەشێوەیەکی ڕەسمی بۆکتێبخانەی گشتی تەقتەق خەرج دەکرێت.

٦- ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتیاری لەچۆنیەتی ڕاکێشان وخەرجکردنی ئەوداهاتە ئاگاداردەبن.

٧-تێکرای ئەو ڕێوشوێنانەی دەگیرێنەبەر لەخەرجکردنی داهاتی بنکەکە لەتۆمارێکی تایبەت تۆماردەکرێن.

**داهاتووی بنکەکە**

١- دەتوانرێت بنکەکە فراوانتر بکرێت بەدروستکردنی بەشی سەرەوەی بنکەکە، بۆهەرمەبەستێك دروست بەکاربهێنرێت وداهاتەکەی بخرێتە سەرداهاتی بنکەکەولەئامانجە خێرخوازییەکانی بنکەکەدا خەرج بکرێت.

٢- ئەگەرحکومەتی هەرێمی کوردستان، بینای تایبەت بەشوێنی کتێبخانەی گشتی لەتەقتەق دروستکرد، ئەوا هۆلەکە بەمەبەستی هەرشتێك بەکارهێنرا، کرێ-کەی یان داهاتەبەدەستهاتووەکەی دەچێتە سەر حیسابی بنکە خێرخوازیەکە.





٣- فراوانبوونی بەمەبەستی خێرخوازی، دەبێت پشتگیری بکرێت لەلایەنی پەیوەندیدارەوە. [١]

بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوف

١٢-٨-٢٠١٠

---

(١) پەیڕەوی ئەم بنکەیە لەسەر چۆنێتی دروستکردن و ڕێککەوتن و داواکاری و بەراییەکان و مەبەستەکانی دکتۆر لە لایەن (ئاراس ئیلنجاغی)یەوە ئامادەکراوە، سەرۆکی بنکەکە وهاب کێخوا عزیز و بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی تەق تەق ڕەزامەندییان لەسەر داوە و بووە بە پەیڕەوی بنکەکە.

## داری بنەماڵەی دکتۆری دکتۆر ڕەئوف




* لەلاپەرە ٦٩-٧٠ی کتێبی تەقتەق، پەڵکەزێڕینەی کەنارزێی بچووك وەرگیراوە

# بەشی دووەم

## دکتۆر لەدیدی هاوڕێ و نووسەران-دا

## فرمێسکێکی وەفاداریی بۆ هاوڕێی شیرینم دکتۆر رەئوف(١)

ئەم بەرەبەیانە بەکۆچی دوایی تۆ قرچە لـەدڵم هەڵـسا، هەواڵەکـە جەرگبڕە بۆمن کەبیست ساڵە هاوڕێ وبرای خۆشەویست و نزیکم بووی، کەئـەم چـەند دێـرە دەنووسـم، دەمـەوێ لەیەکـەم چـرکەی بیـستنی ماڵئاواییتدا سۆزوهەستی خۆم دەربڕم ئەگینا تـۆ بەچـەند دێرولاپـەرە بەکەسانێك ناناسرێیت کە لەنزیکەوە نەیانناسیبووی.

جارێك سەرکردەیەکی گەورە لێیپرسیم: چەند ناوێکی بـۆ پێـشنیاز بکەم بۆ وەزارەتێکی تـەکنۆکرات، بـێ ڕاوەسـتان ووتم: دکتـۆر رەئـوف عــەزیز، زۆر زیرەکــە، نیــشتمان و نەتــەوەی خــۆی زۆر خۆشــدەوێت، مامۆســتایەکی ســەرکەوتووی زانکــۆ بــووە، هــەتا بڵێــی مێــشکی فراوانەوبەپێزە بـۆ داهێنـان، ووتیـشم: پیـاوێکی شـێوە جـوان وقـۆزەو ڕەوشتی زۆر بەرزە.

کاکە رەئوف گیان، ئەم فرمێسکانەی تێکـەڵن بـەم چـەند وشـەیە، فرمێسکی خۆشەویستی و وەفایە بۆ تۆ، فرمێسکێکە کەتامردن ووشك نابێتەوە.





ساڵانێکە زۆرانبازییەکی ئێجگار قارەمانانە لەگـەڵ ئـەو نەخۆشـیە دەکەیت و بەپێکەنینەوە باسی دوارۆژیشت دەکرد، کێ هەیـە بەدەسـت شێرپەنجەی بەدی جگەرەوە وەك تۆ پاڵەوان بوو بێت؟ هەرگیز تا ئێـستا نەماندیووە.

دکتۆر رەئوف، ئەی بـرا دڵـسۆزەکەم، کەسـاڵی ١٩٩٧دا لەلەنـدەن نەشتەرگەرییان بۆمن کـرد، تۆوخوشـکی بەرزودڵـسۆزی هـەردووکمان دکتۆرە ڕێواس لەگەڵ خزم وبرادەرانـی کەمانـدا پێـشبڕکێتان بـوو بـۆ خزمەتکردنی نەخۆشێك کە نەشتەرگەری دڵی بۆ کرابوو، بەپێکەنینـە جوانەکەتەوە پێتدەوتم: ئەبێت ئازایەتی و وەفا لەتۆوە فێربین.

هەزار سڵاو لەگیانی پاکت دکتۆر رەئوفی کوێخا عـەزیزی تەقتـەق کە ڕۆڵەی میللەتێکی زۆر لێکراوبووی، بەڵام لەسەرکەوتنیدا نەخرایتە شوێنێك کە ئەو هەموو زانیاریی و توانایەی هەتبوو بیخەیتـە کـارەوە، چونکە پیاوێکی سەربەخۆ بوویت، زۆر هەڵکەوتوو بوویت.

هاوڕێت

فاروق مەلا مستەفا

---

- ئەم بابەتە لەگۆشەی (دواستون)ی ڕۆژنامـەی (کوردسـتانی نـوێ)ی ژمـارە (٤٠٧٤) ڕۆژی هەینی بەرواری١٥-٩-٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە.

## كلمات في رثاء الصديق الوفي د.رووؤف كويخا عزيز(١)

رغم صراعه المريرمع المرض لمدة اكثر من اربع سنوات الا ان الابتسامة لم تفارق شفتيه،والامل بالشفاء كان كالتفاؤل الذى لم يفارقه طوال عمره، صعقت لخبر وفاته قبل اسبوع، لم اكن اتصور بأني لن اراه ثانية،انه الدكتور رووؤف كويخا عزيز، الصديق والاخ الوفي الذى تعرفت عليه منذاكثر من عشرين عاما.

قلما رأيت رجلا بكامل الاوصاف مثل د.رووؤف، الوسيم، المبتسم دائما، ذكى وذو رؤية ثاقبة، وفي مع اصدقائه، بنفس درجة وفائه لعائلته ونفسه، كريم النفس، مصباح المجالس بأفكاره وتحليلاته وانتقاداته.

عندما اخبرني شقيقي بخبر وفاته، عاد شريط ذكرياتي معه الى الوراء،الى عقدين من الزمن لأنسى ولو لبرهة قصيرة الخبر المفجع،ففي امسية اربيلية حارة في صيف (١٩٨١)قصدت مكتبه في اربيل حيث كان يتقاسم العمل مع شريكه الاخ الاعز عثمان فرج، حتى غدا هذا المكتب قبلة اقصدها في كل مساء





الى ان فارقتهم بعد التحاقي بالجبل، وبقدر ماكان يرتاح لي، كنت ارتاح له كثيرا،كنا نتبادل الاراء حول كل الامور، يحترم تلك الاراء حتى لو كانت على عكس توجهاته، لانه عاش وترعرع وهو نبيل الذوق، راق التصرف وواسع المعرفة.

د.رووؤف كويخا عزيز السياسى الذى لم ينتم الى أي حزب،كان سياسيا من الطراز الاول، فكم كانت توقعاته صائبة وقراءته للمستقبل في كردستان واقعية،لأنه قد اتخذ من الوسطية مقياسا لفهمه للامور، مهما كانت صغيرة او كبيرة.

للاسف لم استطع ان التقي به قبل اسبوعين من الان عندما زرناه في اربيل، لان المرض قد اشتد عليه، وقد حزنت كثيرا لأنني لم اعرف بوفاته الا مؤخرا، لقد بكيت مع نفسي وانا اكتب هذه الكلمات في رثاء صديق واخ وفي، كى اتمكن من خلال دموعي ان انقش اسم رووؤف عزيز وصورته وذكرياته في شغاف قلبي، لأنني لااريد ان افارقه بل اريد ان يبقى معنا بذكرياته وكلماته وابتسامته وافكاره.

لقد فقدناك لكننا لم نفقد روحك الخالدة ياصديقي واخي العزيز رووؤف عزيز، وكم كان خبر الفراق قاسيا، لكن ماذا نفعل اذا كانت نهاية الحياة هي الموت والرحيل الابدى، وربما

**خسرتك اكثر من الاخرين، الا اننا جميعا خسرناك وخسرنا صداقتك، ولكننا لن ننساك لأنك طيب الخاطر ونلتقيك يوميا من خلال تفاؤلك بالحياة وانت تخلد الى النوم الابدى بعد عذاب طويل في مهدك بلدة(طق طق) التي كنت تحبها وتعشقها كثيرا.**

**صديقك المفجوع**

**فرياد رواندزي– بغداد**

---

(١)ئـەم بابەتـە لەگۆشـەی (**المحطة الأخيرة**)ی ژمـارە ١٣٩٤ی ڕۆژنامــەی (الاتحاد)لە ٢١-٩-٢٠٠٦بڵاوکراوەتەوە، بە باشم زانـی هـەر بـە زمـانی عـەرەبی بینووسمەوە چونکە نەمویـست دەقـەکان لـەکاتی وەرگێڕانـدا تووشـی رتوشـکاری ببێت.





## مـــەرگی نـــاوادەی دکتـــۆر ڕەئـــووف تەقتـــەقی و چـــەند سەرنجێك(١)

زۆرن ئەوانەی لەمێژودا باس دەکـرێن و جێگـای خۆیـان کردۆتـەوە، کەهەردەم بەباشی و نیـشتمانپەروەری ناسـراون، میللـەت و نەتـەوەش شانازیان پێوەدەکات، دیارە دکتـۆر ڕەئـوف تەقتـەقیش یەکێکـە لـەو کەڵەپیاوانــەی نەتەوەکــەمان کــە دەکرێــت شــانازی پێوەبکرێــت و کارەچـاکەکانی لـەم چـەرخەدا کـەم وێنـەبووە لەسـنوری تەقتـەق و دەوروبەری دا، کە توانیویەتی هـەنگاوی بـاش بنێـت بۆخزمـەتکردنی خەڵکی هەژارولێ قەوماو وەهاوکاری کردنـی خوێنـدکاران وکردنـەوەی بنکەی خێرخوازی و کتێبخانەوکۆمەڵێ دووکـان کەداهاتەکـەی خـەرج بکرێت لەخەڵکی هەژاروخوێندکاروپێویـستی خوێندنگاوقوتابخانـەکان ودابینکردنی پارچـەزەوی بۆگۆرسـتان ویارمـەتی دانـی خوێنـدکارانی زانکۆ و زۆر شتی تر، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای پێ نەدا کەسەرجەم بەرنامەکانی جێ بەجێ بکات بۆخزمەتکردنی دانیشتوانی شارۆچـکەی تەقتــەق، وەك دروســتکردنی مزگــەوت وهــۆڵی پرســە و گــەرما و چەندکارێکی تر.

دیارە من لەساڵی ١٩٩٦وەلەنزیکەوە ئەو زاتەم ناسی، لەسەرەتادا کەیەکترمان بینی بێ ئەوەی کەسێك لەنێوانماندا بێت خۆشەویستی و دۆستایەتی وبروا بەیەکترکردن لەنێوانماندا دروستبووە کە دەتگووت لەمنداڵیەوە بەیەکەوە ژیاوین، لەماوەی ئەوچەند ساڵەدا بۆم بەدەرکەوت کە ئەو زاتە لە هەموو روویەکەوە وێنەی زۆر کەمەو پیاوێکی ڕۆشنبیرونیشتمانپەروەروڕاستگۆو ڕەوشت بەرزوخەمخۆری گەل ونەتەوە وخێرخوازودەست کراوەیە کەلەم وولاتەی ئێمەدا کەسی لەم جۆرە دەگمەن بوو، ڕۆژبەڕۆژ متمانەوبروابەیەك بوون لەنێوان من وکاکە دکتۆر ڕەئوف دازیاتر پەرەی دەسەند، هەموو کاری خێرخوازی و ڕۆشنبیری و یارمەتیەکی کەبیدایە پرسی بەمن دەکرد و زۆربەی کارەکانی لەڕێگای ئێمەوە دەکرد، کەئەوە جێگای شانازی بوو بۆ ئێمە پیاوێکی واگەورەودڵسۆز ئەو متمانەیە بەئێمە ببەخشێت، بۆیە ئێمەش هەموو ئەرك وماندووبوونی خۆمان لاگرنگ نەبوو، سەبارەت بەهەرداواکاریەکی ئەوبەرێزە، چونکە هەموو کارەکانی لەپێناوخزمەت ویارمەتی و پێشکەوتنی سنورەکەبوو، جگەلەوە کاك دکتۆر ڕەئوف پیاوێکی زۆر بەهیمەت وبڕوا بەخۆبوو، بەڵگەش لەسەر ئەوە لەماوەی ئەو یەك دووساڵەی کە نەخۆشی بەرۆکی گرتبوو زۆربوێرو ئازایانە ڕووبەڕووی ئەو نەخۆشیە کوشندەیە دەبۆوە وبەربەرەکانی دەکرد هیچ





کاتێك ڕووخانی پێوەدیارنەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو نەخۆشیە دڕندەیە وازی لێ نەهێناو پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵیدا توانی بەسەر ڕۆحەپاکەکەی کاکە دکتۆر ڕەئوف زاڵ بێت و کۆتایی بەژیانی بهێنێت.

ئەوەبوو لەشەوی١٣/١٤ی ئەیلولی ٢٠٠٦کاتژمێر٢:١٠دوو ودە دەقیقەی شەو دڵەگەورەکەی لەلێدان کەوتوو گیانی پاکی بەخاکی نیشتمان سپاردلەشاری هەولێر، بەڵام تەرمی پیرۆزی لەگۆرستانی (بانەڕەقە)لە تەقتەق بەخاك سپێردرا لەسەرداواکاری خۆی، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی دکتۆر ڕەئوفی هەمیشە زیندوو، خوای گەورەش بەبەهەشتی پان وبەرینی شادبکات وسەبوری گشت کەس وکاری و هەموو لایەکمان بدات.

کاکەخان نەسرەدین

---

(١)ئەم ووتارە لەلایەن(کاکەخان نەسرەدین) لە ژمارە ٢١ی ڕۆژنامەی (تاك)ی ساڵی دووەمی ئەیلولی ٢٠٠٦بلاوکراوەتەوە.

## ماڵئاوا دکتۆر رەئوف ماڵئاوا(١)

بەداخ وپەژارەیەکی زۆرەوە شەوی ١٣/١٤ی ئەیلولی٢٠٠٦پیاوی ڕۆشنبیرومرۆڤ دۆست و خێرخواز(دکتۆر رەئوف کوێخا عەزیز)بە نەخۆشیەکی کوشندە ماڵئاوایی لێکردین، دیارە مردن قەدەرێکە، یەخەگیری هەموومان دەبێ، هەرچی زیندە ڕۆحە دەبێ بمرێ، مردنی هەموو کەسێك کۆستەوجێی داخە، بەڵام مردنی کەڵەپیاوان و خەڵکانی ڕۆشنبیروزانایان وپیاوچاکان وقارەمانان زیاتر جێی ئەسەف وخەم خواردنە، دکتۆر رەئوفیش یەکێك بوو لەو پیاوە هەڵکەوتووە ڕۆشنبیرەی شارۆچکەی تەقتەق، پیاوێکی بەدڵ بوو تا دوا هەناسەی مردنی هاوکاری خەڵکی ڕۆشنبیری دەکرد، یارمەتی هەژارولێقەوماوانی دەدا، هەر ئەوچاکەوچاکەکارییەبوو کەوای لەحاجی قادری کۆیی کرد، کە بەم دێرەشیعرە مەدحی حەماغای گەورەی کۆیە بکات:

**کەسێ پیاوە کەدانێ وەك حەماغا     لەبۆ ئەبنایی جینسی نان وخوانی**

ئەو پیاوە کتێبخانەی گشتی تەقتەقی دامەزراند وبینایەی بۆ دروستکرد، چەند دووکانێکی بەناوی بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوف دروستکرد کە ساڵانە بەدەرامەتەکەی خەڵاتی بۆ خوێندکارانی سەرکەوتوو پێ دەکردرێ و یارمەتی کەمدەرامەت وهەژارونەخۆشی پێ





دەدرێ، ئەم پیاوە نەك هەر لە تەقتەق بەڵکو دەستی خێرخوازی گەیاندۆتە زۆربەی شارەکانی تری کوردستان، هیچ کەسێکی مرۆڤ دۆست و ڕۆشنبیر نەبێ بەمەرگی دکتۆر رەئوف دڵگران نەبووبێ، خودا ڕۆحەسپییەکەی بە بەهەشت شاد بکات.

ئەم چەند دێرە شیعرەش پێشکەشە بەگیانی پاکی دکتۆر رەئوف:

ئەسەف دکتۆر ڕۆشنبیرو کەڵەپیاو
دەستی مەرگ گەیشتە تۆش لەناکاو
تۆش ڕۆیشتی بەبێ ئاوڕدانەوە
مەرگ مۆمی تەمەنتی کوژانەوە
تۆش ماڵئاوات کردلەم خەڵکی تەقتەقە
مەرگ تۆشی گەیاندە بانەڕەقە
لەدوای کۆچت تەقتەق دایگرت تەمی خەم
ئەشکی چاوی دڵسۆزانت بوو بەچەم
گەورەو بچووك ئەوا دێنە سەرگڵکۆت
هەناسەی پڕلەحەسرەت دەکێشن بۆت
هەرچی یەك کەچاولەڕابردووت دەگرێت
دەڵێ هەتا قیامەت خێر بێتە ڕێت

(١)ئەم ووتارە لەلایەن(فاتح بێ لان تاڵەبانی) لە ژمارە ٢١ی ڕۆژنامەی (تاك)ی ساڵی دووەمی ئەیلولی ٢٠٠٦بڵاوکراوەتەوە.

## دکتۆر رەئوف کوێخا عەزیز

## مرۆڤێکی پڕلە بەخشش وزانست خواز(١)

دکتۆر رەئوف کوێخا عەزیز یەکێك بوو لە پیاوە هەڵکەوتووەکانی شارۆچکەی تەقتەق، نمونەی ئەو زاتە دەگمەنە چ بەبەخشندەیی و دڵسۆزی ونیشتمانپەروەری و پاڵپشتی کردنی خوێندن وزانست وزانیاری و بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگا و هاوکاریکردنی خەڵکی نەداروحەزکردن لەپێشکەوتن بەهەموو بوارەکانیەوە هاندانی خەڵك لەو بارەیەوە، لێرەدا ناتوانرێ باس لەو دڵسۆزی ولێهاتووی ئەو پیاوە بکرێت، بەڵام ئەوەی جێی مەبەست وباسکردنە، مشتێکە لەخەرمانێکی گەورەی ئەو بەرێزە، کە ئەوەندەی من دەیزانم سەبارەت بەو خزمەتانەی پێشکەش بەشارۆچکەی تەقتەقی کردووە، دڵنیام ئەگەر مەرگ ڕێگای بدایە کاروخزمەتی زۆر باشتری دەبەخشیە شارەکە کە ئەمانە بەشێکن لەو بەخشینانەی بەرێز دکتۆر رەئوف لەتەقتەق:

یەکەم:کردنەوەی بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوف لەشارۆچکەکە کە پێکهاتووە لەبینایەی کتێبخانەیەك بۆشارۆچکەکە کە ئەوە یەکەم کتێبخانەیە بەو قەبارەیەو بەو شێوەیە لە تەقتەق لەسەردەستی ناوبراو





دروستکراوە، لەگەڵ دروستکردنی چەند دووکانێك کە کرێیەکەی بۆ خوێندکارە پێشکەوتووەکان(یەکەم ودووەم وسێیەم و خوێندکارە نەدارو هەژارەکانیش سوودمەندبوون، ناوەناوەش تەرخانکردنی بڕێ لەوپارەیە بۆ پڕکردنەوەی کەم وکوڕی و پێداویستی قوتابخانە و خوێندنگاکانی ناو تەقتەق، تاپێداویستیەکانیانی پێ دابین بکرێت.

دووەم: دابینکردنی شوێنی گۆڕستان و کڕینی پارچە زەویەك لەلایەن دکتۆر رەئوفەوە بەناوی گردی عروزە بۆئەم مەبەستە.

سێیەم: دکتۆر رەئوف بەردەوام لە بیری ووشیارکردنەوەی خەڵکی و بەرەو پێش چوونی خەڵکی بووە هەموو کات یارمەتیدەری کاری ڕۆشنبیری و زانستی بووە ئەوەی جێگای شانازییە هەموو کات هاوکارویارمەتیدەرو دڵسۆزی ناوەندی ڕۆشنبیری تەقتەق و مانگنامەی تاك بووە، هەر لەژمارە سفری ئەوبلاوکراوەیە تاوەکو دەرچوونی مۆڵەتی یاسایی و یارمەتی حکومەتی هەرێم بۆ دەرچوونی مانگنامەکە هاوکاری ماددی و مەعنەوی زۆری کردوین، وە بەشێك لە پێداویستیەکانی بۆ دابین کردووین وەك کڕینی کامێرای فۆتۆی دیجیتاڵ و دابینکردنی هێڵێکی میدیا تلیکۆم بۆ پەیوەندی وهێڵی ئینتەرنێت.

چوارەم: ئەرکی لەچاپدانی لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژوویی دەربارەی تەقتەق لەلایەن (ئاراس ئیلنجاغی)یەوە، بەناوی (تەقتەق،

پەڵکەزێرینەی کەنازێی بچووك)لەئەستۆگرتووە، کە ئێستا دەستنوسی لەتەواوبووندایە، بەو ئومێدەی لەم نزیکانە چاپ وبڵاوبکرێتەوە.

کۆچی دوایی ئەو کەڵە پیاوە ڕۆشنبیرە زانست دۆستە کۆستێکی گەورە بوو، نمونەی پیاوی دڵسۆزو بەئەرك بۆ نیشتمان وخزمەتکردنی خەڵکی ناوچەکەو دەوروبەری، دەستی سەخاوەی هەردەم کراوەبوو، بۆ باربووی خەڵکی نەداروکەمدەرامەت بەڵام ئەفسوس داخ بۆ کۆچی دوایی ئەو پیاوە پڕ لەبەخشش و زانستخوازە، لەیەزدانی گەورە دەخوازین کەبەهەشتی بەرین ببێتە جێگاومەنزڵگای.

(١)ئەم ووتارە لەلایەن(بەکرسەلام سەلیم) لە ژمارە ٢١ی ڕۆژنامەی (تاك)ی ساڵی دووەمی ئەیلولی ٢٠٠٦بڵاوکراوەتەوە.





## کۆچێکی ناوەخت(١)

لەئێوارەیەکی پایزدا، لەخەزانی ئەم گەڵاریزانە،بولبول لەنەغمەومەل لەچریکە وئەستێرەش لەدرەوشانەوە تۆران، ڕەشەبایەك بەرەو هەڵکردن وبەرەوپێچانەوەی ڕوناکی وکوژاندنەوەی مۆمی تەمەنی ئەستێرەیەك خۆی کردبەوەیشومەوترسکایی لەناخدا نەهێشتین، لەگەل کەمبونەوەی نوزەی ئەستێرەونالەوتلانەوەی دکتۆریش ڕوو لەزیادبوون بوو، لەچاوەکانی بانگی دەکردین وەرن بۆدواجار لەدوا وێستگەدا بادوادیداری کۆچێکی ئەبەدی سازبدەین چونکە ئەم کۆچەم لەکۆچەکانی تر ناچێت بابۆدواجار دیدەنیتان بکەم.

بانگی هەڵاتی کورە گەورەی کردوو ووتی"ئازاری جەستەم هێزی لێبریوم، ڕۆلەمەرگ خەریکە بۆهەتاهەتایە لەیەکترمان دادەبرێت،چۆن ئەتوانی ڕێ بەم دابڕانە بگریت، حەزدەکەم ئەوەندەی تر بەدەست ئازارەوە بناڵم بەڵام دوورنەبم لەچاوی ئێوەوخزم ودۆستانم".

بەڵام ئەسەف ویستی ئێمەوئەو لەگەل ویستی قەدەر تەواو پێچەوانە و ئاوەژووبوون، دواتر ووتی"هاوار بەرە بۆ ڕۆژ چوارساڵە ئەناڵم بەدەست ئەم نەخۆشیەوە، ڕۆژ ووتی"بابە هەموو دەچینە ئەو ڕێگەیە، دەربازبوون

مەحاڵە"لەدوادیداری ماڵئاوایی ڕووی کردە شیرین تۆ مەهێڵە براوکورەکانم ڕێگەیان پێدام، تۆ ڕێگە لەم سەفەرەم بگرەوبەگژەی جەرگ وبەفرمێسکی بێ پسانەوە، حەزناکەم تۆ لەبەرچاوم ونبی ئەویش ووتی"بابەگیان ئەم سەفەرە زووە، ئەم سەفەرە مەکە لەدوای سەفەرت، کێ لەدیوەخانت دانیشێ لەگەل میوانەکانت؟ کێ لەپێداویستی قوتابخانەوخوێندنگەکان بپرسێ؟ کێ خەڵات بەسەر دەرچووانی تەقتەق دابەش بکات؟ کێ جەژنە پیرۆزەمان لێبکات؟ کێ...کێ؟ ئەی کێ سەرپەرشتی و خەمخۆری ڕۆژنامەی تاك بکات و هەموو ژمارەکانی کۆبکاتەوە و وەك گەوهەرێکی بەنرخ هەڵیان بگرێت؟ کێ هاندەروخەمخۆری گەنجانی تەقتەق بێت؟ بەڵام بابەگیان دڵنیابە ناتوانین ڕێگەبەم کۆچە ناوەختە بگرین ئەگەربمانتوانیبایە ئەوا خۆمان دەکردە بەردەباز بۆ تۆو، دەبوینەبەربەستێکی قایم لەپێش ئەم دابرانەپڕ لەئێشەت، هەوری ڕەش بەرەو یەکەم وێستگەودوا وێستگەی ئەم کەڵەپیاوە،خێرخوازە گەورەیەی شارەکەم هەڵکشاو بۆ دواجار دواگەشتی بەناوشارۆچکەدا دوا ماڵئاوایی لێکردین.

داڕوشانی ئەو ئەستێرەیە بۆ بنەماڵەوشارەکەمان برینێکە سارێژبوونی ئەستەمە، بەڵام پەلاری قەدەر ڕێگای پێناگیرێ؟!!





بەئەمەکی بۆخزم ودۆستان وئەوخاکەی کەلێی گەورە بووە و ئاوهەوای هەڵمژی بوو لەدەروونی دکتۆر هەر زیندوو بوو، بۆیە لەسەر وەسیەتی خۆی ووتی" حەزدەکەم چاوم بەدیارخزم ودۆستانمەوە بێت دوا مەنزڵگام بانەڕەقە بێت تاکو ئاشنایانم زوو زوو بێنەسەردانم چونکە زۆر پەرۆشتانم دڵنیابن زۆر پەرۆشتانم..تا دوا گەشە پێشکەوتنیان لەوێوە دەبینم".

(١)ئەم ووتارە لەلایەن(پێرۆ وهاب کوێخا عەزیز) لە ژمارە ٢١ی ڕۆژنامەی (تاك)ی ساڵی دووەمی ئەیلولی ٢٠٠٦بلاوکراوەتەوە.

## بۆ براو هاورێی خۆشەویستم دکتۆر رەئوف

نووسین دەربارەی هاورێیەك کە زۆرلە نزیکەوە بیناسی کارێکی ئاسان نیە، لەبەرئەوەی چەند بنووسی هەقی خۆی نادەیتێ لە چەند دێرێك، سەرەتای ناسینی د.رەئوف دەگەرێتەوەبۆ ساڵی ١٩٦٨کە لە کۆلیژی پزیشکی فیتیرنەری لە بەغدا وەرگیرام، ئەوئەم کات لە پۆلی چوارەم بوو، زۆر بەخێرایی لەگەڵ یەکا هەموو نهێنییەکانی یەکترمان زانی، بەتایبەتی پەرۆشی هەردوو لامان بۆ میللەتەکەمان کە دووچاری هێرشی دڕندانەی حکومەتی بەغدا بوبوو.

د. رەئوف یەکەم کەس بوو داوای لێ کردم کە ببم بەئەندام لە ڕێکخستنەکانی نهێنی ئەو سای(پ.د.ك)لەبەغدای حزبی بەعس، د.رەئوف بەزیرەکی و ژیریی خۆی توانی هەمووکوردەکانی کۆلیژەکەمان لەیەك نزیك بکاتەوەوخوێنی کوردایەتییان بەردەوام گەرم بکات.

د.رەئوف زۆر حەزی لەئیشکردن بوو، بۆیە کەبەیەکەوە لە رێکخراوی فاو کارمان دەکرد، بەردەوام داوای پرۆژەی تازەی دەکرد وەبەخێرایی پروپۆزەلی بۆ ئامادە دەکرد، وەبەهۆی هەولی ئەو زۆربەی مەڵبەندەکانی فیتیرنەریی لەشارەکانی کوردستان بووژایەوەو پێشکەوت وگەشەی کرد.





د.رەئوف بەردەوام دەیووت کوردستان رزگاری دەبێت وەدەبێت ئێمە ژیرانەکار بکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی ، بویە من داوا دەکەم رێبازی ئەو هەمیشە لەبەرچاومان بێت ولەبیری نەکەین، هەزار سلاّو لەرۆحی پاکی هاورێ وبرای خۆشەویستم د.رەئوف.

برات

د.سلاح مستەفا بەکر

# بەشی سێهەم

# کۆڕی چلەی ماتەمینی دکتۆر

## ناوەندی ڕۆشنبیری تەقتەق بەهاوکاری بنەماڵەی خوالێخۆشبوو چلەی ماتەمینی کۆچکردوو دکتۆر رەئوفی بەرێوەبرد(۱)

ناوەندی ڕۆشنبیری تەقتەق بەهاوکاری بنەماڵەی خوالێخۆشبووچلەی ماتەمینی کۆچکردوو دکتۆر رەئوفی کوری کوێخا عەزیزتەقتەقیان لەبەرواری ٢٧-١٠-٢٠٠٦ڕۆژی هەینی لەهۆڵی شەهید عەبدولڕەزق بەرێوەبرد.

لەکۆری چلەی ماتەمینیەکەدا هەریەك لەبەرێزان(عەدنان موفتی) سەرۆکی پارلەمانی کوردستان و(عادل موراد)بالێۆزی عێراق لە ڕۆمانیاو(فوئاد حوسێن)سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم و بەرێز(ملازم عومەر) وبەرێز(عوسمان بانیمارانی)سەرۆکی فراکسیۆنی سەوزی پەرلەمانی کوردستان و(شێخ عەلی حەمەسالح)لێپرسراوی مەڵبەندی ١٤ی رێکخستنی کۆیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و(شێخ جەنگی تالەبانی) کەسایەتی ناسراو ومامۆستا(نەسرولڵا خەیروڵلا)ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و(دکتۆر فریاد ڕەواندزی) سەرنووسەری ڕۆژنامەی(الاتحاد)وچەندین لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق وپەرلەمانی کوردستان





ونوێنەرانی حزبی و حکومی ناوچەکەوکەسایەتی وجەماوەری دەڤەرەکە ئامادەبوون.

کۆرەکە بەوەستان بۆگیانی پاکی شەهیدان و خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز لەلایەن (مەلا هەڤاڵ سەدری)یەوە، خوێندکاری کۆلیژی شەریعەی زانکۆی بەغداد دەستی پێکرد، دواترلەلایەن پەروانەکانی خانەوادەوە(٥٩)مۆم بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی خوالێخۆشبوو، (٥٩) بەهاری تەمەنی دکتۆر رەئوف داگیرسێندران، سەرەتا لەلایەن خاتوو گەلاوێژموحەمەد مەلا نوری هاوسەریەوە دەستکرا بەهەڵگیرسانی ، دواتر هەریەك لە هەڵاتی کوری و شیرینی کچی و وهابی کوێخا عەزیزوپۆڵای برایی وبەیانی خوشکی و بەشداربوون، هەروەها بەرێز(کاکەخان نەسرەدین)بەرێوەبەری ناحیەی تەقتەق وهاوکاروچاوساغی ناوەندی ڕۆشنبیری تەقتەق ودۆستی نزیکی خوالێخۆشبوو، وەك بەرێوەبەری شارۆچکەی خانەخوێ لەووتەیەکدا بەخێرهاتنی میوانە بەرێزەکانی کرد، ڕۆڵی جوامێری وخێرخوازی دکتۆری کۆچکردووی خستەڕوو، دواتربەرێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ووتەیەکی پێشکەش کرد کە تیایدا باسی لەکەسایەتی و کارە خزمەتگوزارییەکانی ورۆڵی ئەو بەرێزە لەبواری هۆشیارکردنەوەو خزمەت گەیاندن بەزانست وزانیاری لەچەند پەیڤێکدا

باسکرد ، دواتر بەڕێز دکتۆر جەمال موحەمەد باجەلان ووتەیەکی پێشکەش کرد ، هەروەها بەڕێز نەسروللا خەیروللا بروسکەی ماتەمینی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی خوێندەوە ودواتر ووتاری بەڕێز عادل موراد لەبەر باری تەندروستیەکەی لەلایەن پەیام تەقتەقیەوە خوێنرایەوە ، دوای خوێندنەوەی چەند ووتارو هۆنراوەیەك ، کۆڕەکە بەووتاری بنەماڵەی خوالێخۆشبوو لەلایەن هەڵاتی کوری دکتۆر ڕەئوفەوە کۆتایی بەمەراسیمەکە هات.

(١) دەقی کۆری چلەی ماتەمینی لە پاشکۆیەکی تایبەتی ژمارە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ی ساڵی دووەمی ڕۆژنامەی تاك بڵاوکراوەتەوە.





## وتاری عادل موراد لەچلەی ماتەمینی دکتۆری هاوڕێی(١)

ئامادەبوانی بەڕێز

ماتەم گێڕانی چلەی کاکە د.ڕەئوف ئەم کاتەتان باش

دوای تێپەڕبوونی چڵ ڕۆژ بەسەر کۆچی خۆشەویستم، هاوڕێی ڕۆژان وساڵانی ژینم لەتوانامدا نیە، لەم کاتەدا بەدرێژی باسی پەیوەندی و هاوڕێیەتی ماوەی چڵ ساڵ تەمەنمان بکەم، ساڵانێکی پڕلەگفتوگۆودیالۆك دەربارەی مەسەلە سیاسی وفکریە گرنگەکانی ئەو ڕۆژگارانە بەهەموو هەڵچوون وداچوونی سیاسی و وێزگە کۆمەڵایەتیە تاڵی و شیرینەکانیەوە ئەو هاوڕێیەی لەهەموو تەنگانەیەکەوە بەهانامەوە دەهات، دەساڵ لەمەوبەرلەچنگی مەرگ رزگاری کردم بەشێوەیەکی زۆرجوامێرانە،سەرەتا لەرێی دکتۆر تالبی برامەوە بەچاکی دکتۆر رەئوفم ناسی، لەرێگەی قسەخۆشەکانی بەرەحمەتی کاك کوێخا عەزیزی باوکی پاشان لەناوەراستی شەستەکانەوە پێکەوە کاری سیاسیمان دەکرد ئەندامێکی ڕووناکبیری چالاکی کارامەبوو لەپارتی دیموکراتی کوردستان وە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەزانکۆی بەغدادوبەشێوەیەکی تایبەت لە کۆلیژەکانی ئەوبوغرێب هەر لەڕێی

ئەویشەوە شەهید زاهیرحەمەدم ناسی، ئەو مرۆڤە تێکۆشەرەی لەئەنفالەبەدناوەکانا ساڵی ١٩٨٨خۆی و خێزانی ومناڵەکانی بێسەروشوێن کران و تائێستاش تەرمیان نەدۆزراوەتەوە، وەك هەموو ئەو کوردانەی لەبیابانی خوارووی خۆرئاوایی عێراقدا کۆمەڵکوژکران.

بەڕێزان

کاکە ڕەئوف زانکۆی بەپلەیەکی باڵا تەواوکرد زۆرجار پێکەوە دەچووین بۆ دیداری سیاسی قوتابیان وحزبە عەرەبیەکان وحزبی شیوعی عێراقی دەورێکی باڵای بینی لەمانگرتنی قوتابیان لە ساڵی ١٩٦٨ئەو مانگرتنەی بەعسیەعەفلەقیەکان بەرهەڵستیان کرد کە هێشتا دەسەڵاتداریش نەبوون و نەهاتبوونە سەرحوکم.

ساڵی ١٩٧٢لەزانکۆی لیڤەرپول وەرگرتنی بەدەستهێناو جارێکی تر لەگەل کاك تالبی برام پێکەوە ژیانی خوێندنی باڵایان بەسەربرد، پێش سەفەرکردنی خۆی و گەڵاوێژخانی هاوسەری لەماڵی ئێمەبوون لەبەغدا بۆبەیانی بردمن بۆ فرۆکەخانەوبەرێم کردن لەگەل هیوایەکی زۆربەسەرکەوتن، درێژایی ئەو ساڵانە پەیوەندیمان بەردەوام بوو، دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول لەمارتی ١٩٧٥دالەشامەوە پەیوەندیم پێوە کرد هەستم دەکرد وورەی زۆربەرزەوهیوا لەدڵیاهەرسەوزە هەردوای ئەوەش نامەیەکی بۆناردم کەبریتی بوو لەخوێندنەوەیەکی نوێ بۆ





ئایندەی کوردو ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی نسکۆی شۆرش وئێمە دەبێ چی بکەین؟ وەبەزەقی دژی دووبەرەکی بوو، بەوشێوەیە هەریەکەمان بەشێوازی خۆی ڕێگای دووری بڕی، ئەگەرچی من هەمیشە ئەوەم لەبەرچاو بوو کەپەیوەندیەکەمان نهێنی بێ ونامەی نێوانمان نەکەوێتە دەست پیاوانی موخابەراتی سەدام لەبەریتانیاوعێراق بۆئەوەی خوێندنی باڵاوژیانی لەدەست نەچێت، تەنانەت نەم دەهێشت بەیاننامەسیاسیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دابەش بکات بەسەرهەمووخوێندکارە عێراقیەکاندا بۆئەوەی لای دووژمن ئاشکرانەبێ، هەرچەندە ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەبوو، بەڵام دەتوانم بڵێم لەنوێنەرەکانی(ی.ن.ك)لەئینگلستان چالاکتربوو، بەشێوەیەك سەرنجی جەنابی مام جەلالی ڕاکێشابوو زۆر بەرێزەوە دەیڕوانیە چالاکیەنیشتمانیەنهێنیەکانی وە ناوی نابوو کاك کوێخاعەزیز.

دوای گەڕانەوەشی بۆعێراق پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرالەزانستی ڤێرتێرنەری پەیوەندی نهێنیمان هەربەردەوام بوو، وەئەو کاتانە هەر دژی ئینشقاقات بوو، وەدەیزانی ئەنفال لەپێش کوردە، دوای ڕاپەڕینیش لەهەولێر یەکترمان بینی ساڵی ١٩٩٢پەیوەندیە فکریەکەمان زیادی کرد، شیکردنەوە سیاسیەکانی ووردوزیرەکانە بوو،

لەگفتوگۆماندا زۆرجاریش ڕامان یەك نەبوو، بەڵام هەمیشە بەڕێزەوە گوێمان لەیەکتردەگرت، پیاوێکی پڕلەبیروباوەڕبوو، پیاوێکی ستراتیژی فکری دەکرد، مرۆڤێکی مرۆڤ دۆست بوو، شەفاف بوو، بڕوای بەبرایەتی کوردوعەرەب هەبوو لەچوارچێوەی عێراقی فیدڕاڵدا، محاورێکی زۆر چالاك بوو، دکتۆر ڕەئوف بڕوای بەوەبوو هەمووکێشەیەکی سیاسی بەگفتوگۆ چارە دەکرێ نەك بەچەك و نەهێشتنی فکری جیاواز ئەمە فەلسەفەی بوو لەژیان، دیموکرات بوو لەماڵەوە، وەلەکاردا، لەدانیشتنە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی هەمیشە گەرم وگوڕبوو، تاوێك موناقەشەوتاوێك قسەی خۆش، کاکە ڕەئوف نەك هەرباوکێکی دڵسۆزبوو بۆ جگەرگۆشەکانی بەڵکو هاورێ بوو بۆ هەڵات وڕۆژ و شیرینی چاو بەفرمێسك جگە لەتەبایی و خۆشەویستی بێپایانی بۆگەلاوێژخانی هاوسەری.

لەم بۆنەیەدا دەمەوێ بڵێم لەڕۆژگارێکی زۆر تاریکدا لەکاتێکی زۆر ترسناك وناهەمواردا بەهانامانەوە هات و ژیانی من و دکتۆرکەمال فوئادی لەمەرگێکی چاوەڕوانکراو ڕزگارکرد، کاك ڕەئوف هەمیشە تەئکیدی لەسەر یەکێتی وتەبایی وبرایی دەکرد دژی خۆکوژی بوو، بەهەموو ساڵانی تەمەنی بڕوای بەگفتوگۆ بەدیالۆك هەبوو، تابڵێی پیاوێکی هەست ناسکی پیرۆزی بێگەردبوو، ووشەکان لەگەرووم





دەتاسێن چی بڵێم؟ چۆن ماڵئاوایی لێبکەم؟ من ئێستاش وادەزانم وا لەناومانایە؟ پێدەکەنێ و گاڵتە بەمەرگ ونەخۆشی دەکات!! وەك کردبووم بەعادەت هەموو هەفتەیەك دووجار تەلەفۆنم بۆ ئەکرد، تەلەفۆنێکم بۆکرد لەبوخارستەوە پێش کۆچی بەچەند ڕۆژێك، ووشەکانی لەگوێم دەزرنگێنەوە، کەووتی"عادل وا لەناو باخەکەمدا نەمامێکی تازە دەڕوێنم بۆ ژیانێکی نوێ ی دوای خۆمان" ووتی "حەزدەکەم لەجەژن مان بی من وکاك عەدنان موفتی و دۆستان پێمان خۆش دەبێت"، جەژن هاتم بەڵام چاوم پێنەکەوت چومە سەرقەبری لەگەل گەلاوێژوشیرین و کاك وهاب.

سلاو بۆگیانی پاکی هاوڕێی چلێ ساڵم

سلاو بۆ هەمیشە زیندوو لەدڵما باوکی شیرین وهەڵات و ڕۆژ، دۆستی گەلاوێژ

هاوڕێی ئامادەبووان

(١) ئەم وتارە بەزمانی عەرەبی لە ژمارە(١٤٣٧)ڕۆژی شەممە بەرواری١١-١١-٢٠٠٦ی ڕۆژنامەی(الاتحاد) وە بەزمانی کوردی لەژمارە(٤١٠٦)ی بەرواری ٢٩-١٠-٢٠٠٦ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ژمارە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ی ساڵی دووەمی ڕۆژنامەی تاك بلاوکراوەتەوە.

## وتاری دکتۆرجەمال موحەمەدباجەلان

زۆرن کەسانی لێهاتوو لەبوارە جیاجیاکانی ژیان وزانست و داهێنـــان وبەرهەمێنان، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوانیان:

یەکەم: هەیە هەر بۆ خۆی ئەژی و کارەکانی ئەنجام ئـەدا لەسـنوری پێویستی سەرشانی، بـەڵام هـەوڵی زیاتروهیمـەتی باشترسـوودی پـتر، ئاگـابوون وخـەمخۆری دەوروپـشت بەپیرپێداویـستیەکانیانەوە بـچێ و کۆمەکیان بکا ئینجا بەهەرشێوەیەك بێت ولەهەرئاستێکەوە بـێ ئـەم شتانەی باسمان کرد نایکەن، بەتەنگیەوە نایەن.

دووەم: هەندێکیتر لەو لێهاتووانە تـەنها بـۆ خۆیـان نـاژین بـەڵکو لەگـەڵ گەلەکـەیان، کۆمەڵگەکـەیان ئـەژین و لەهەوڵـدان بـۆ پێشخـستنیان و یارمـەتی دانیـان، یـەکێك لـەو هەڵکەوتوانـەی وولاتەکەمان کە مایەی شانازی هـەموو لایـەك بـوو خـوا لێخۆشـبوو دکتۆر رەئوف عەزیزتەقتەقی بوو کە پێویستە لەیادی نەکەین و چـاوی لێبکەین بیر لە هەنگاوە خێرخوازییەکانی بکەینەوە، پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت ئەفەرموێ(اذکروامحاسـن موتـاکم)واتـە نـاوی کـارە باشەکانی مردووەکانتان بهێنن وباسی بکەن.





سێیەم: من کەچەندهەڵوێست و ڕەوشـتی بـەرزی ئـەم کەڵـەمێردە ئەخەمەڕوو تۆماری ئەکەم لێـرە بـەو ئومێـدەی خوێنـەران وناسـیاران وکەس وکاری بەتایبەت هەردوو کورەکەی چاوی لێبکەن لەسەر ڕێبازی ئەو برۆن تاکو گەلْ و وولات سوودمەند بێت.

چوارەم: چەند جار گوێبیستی خوالێخۆشبوو بوومە کە ئەیووت"کـە ئەچمە فەرمانگەکانی فەرمی تەقتەق ئەبینم زۆربەیان هی دەڤەرەکانی تری کوردستانن لەکاتێکا دەیان گەنج و لاوی خوێن گەرمی تەقتـەق و دەوروپـشتی نـەیانتوانیووە درێـژە بـە خوێنـدنیان بـدەن، تـاوەکو بنەکادیروپـــسپۆروکارمەندلەشارۆچکەکەمان ئـــەیووت کـــڕوزە لەجەرگمەوە دێ وزۆر پێی دڵتەنگ دەبم".

پێنجـەم: جابۆیـە هەڵـسابەکردنەوەی بنکـەی خێرخوازیەکـەی بـۆ هانـدانی خوێنـدکاران وهـەژارانی دەڤەرەکـە بـۆ بەدەسـتهێنانی بڕوانامەوجێگیربوون لەفەرمانگەکانی تەقتـەق و دەوروپـشتی بۆزیـاتر خزمەتکردنی دەڤەرەکە.

شەشەم: یەکێك لەوپڕۆژە خێرخوازیانـەی کـەبیری لێکردبـۆوە بـۆی باسکردبووم دروستکردنی هۆڵێکی گەورە بۆ ئەنجامدانی پرسەوبەستنی کۆڕی کۆمەڵایەتی و سیمنارلەلایەن مامۆستایان و شارەزایان لە بـوارە جیاجیاکاندا سوودمەندبێت بۆ دەڤەرەکە.

حەوتەم: یەکێ لەو هەڵوێستە نیشتمانیانەی کەبۆی گێڕامەوە کە کاتێ مامۆستا بووە لەزانکۆی موسڵ داوای هاتنە ناوڕێزی حزبی بەعسیان لێکردبوو، ئەویش پێیانی ووتبوو، ناوی حزبەکەتان(البعث العربیة)یە منیش کوردم، ئەگەر ئامادەن ناوی حزبەکەتان بگۆڕن و وشەی(العربیە)ی لێ لادەن ئەوا ئامادەم، ئەمەش داواکارییەکی موستەحیل بووە بەنیسبەت ئەوان، جابۆیە وازیان لێهێنا، بەڵام وازی لەزانکۆکە هێنا لەئەنجامی نەبوونی بە بەعسی.

هەشتەم: یەکێك لەڕەوشتە بەرزەکانی دکتۆر ڕەئوف ئەوەبوو کە قبوڵی کەچی و خواری نەکردووە لەمامەڵەکردنی ڕۆژانەی خزمێکی خۆم بۆی گێڕامەوە کە شوفێری لۆری بوو کاری لەنوسینگەی ڕۆژ بۆ گواستنەوەی مریشك ئەکردبۆ سلێمانی ووتی "دیتم تەنها لە لۆریەکەی من نیوتەن لادرابوو لەحسابی مریشکەکان وەلە سلێمانی پێیان ووتم دەنگ مەکە هەموو جارێ کارتۆنێ مریشك بەخشیش وەرئەگری بەڵام ئەو خزمە ووتی: گەرامەوە هەولێرچوومە لای دکتۆر شتەکەم باس کردبۆ خۆی شتەکەی بینی دەست بەجێ بەتەلەفۆن نوسینگەی سلێمانی ڕەزیل کردو پێیانی ڕاگەیاند کە ئەوە دواجارە ئەم جۆرە مامەڵەتان لەگەل ئەکەم و وازی لەگرێبەستەکە هێنا.





نۆیەم: کاك عومەر سدیق بۆی گێڕامەوە ووتی خوێندکارێك هاتە لای دکتۆر ڕەئوف وادیاربوو هەژاربوو بەڵام زۆر زیرەك بوو، دکتۆر حەوت پرسیاری ماتماتیکی وزانستی لێکرد، ئەویش هەمووی وەڵام دایەوە، دکتۆریش ٧٠٠دیناری سویسری دایەو ووتی"ئەمە خەڵاتی وەڵامەکانتە دوای پارەی تریشی داپێ بۆ خانەوادەکەی".

دەیەم: دیسان کاك عومەرسدیق بۆی گێڕامەوە ووتی دکتۆر ڕەئوف لیستێکی ناوی هەژارودەست کورتی لابوو لە دانیشتوانی هەولێر، پارەکەی ئەدایەمن بۆی جێبەجێ بکەم وە پێشی ئەوتم نابێ بزانن هی کێیە ئەگینا لێت تورە ئەبم.

یانزەیەم: جارێکیان بۆخۆم پێم ووت بۆ حەج ناکەی ؟ مزگەوتێ دروست ناکەی؟ پێی ووتم "بیروبڕوام بەخوداوپێغەمبەروزیندووبونەوەی دوارۆژ زۆر باشە و دروستە، ئینشاالله حەج دەکەم و مزگەوتێك دروست دەکەم، وە ئەبێ یەکەم قازمەی بناغەکە بەدەستی خۆم رایبوەشێنم.

جائەوەی مەبەستمە بەبیرهێنانەوەی ئەم چەند هەڵوێستە وخووڕەوشتەبەرزەی کاکە دکتۆر ڕەئوف کە لێرە تۆماری ئەکەم ئەوەیە کە دەوڵەمەندوکاربەدەستانی وولات ئەم جۆرە ڕەفتارەیان هەبێت بەتایبەت هەردوو کورەکەی کەتەمەنای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم وەتکام وایە لەسەر ڕێرەوی باوکیان بڕۆن هەروەك لەپرسەکەی باوکیان بەڵێنیان پێدام.

## وتەی مامۆستا قاسم موحەمەد موستەفا

دکتۆر ڕەئوف تەنیا لەدوورەوە گوێبیستی ناوەکەی بووم و هەر کەناوی دەهات خەسڵەتی زرنگی و لێهاتوویی ئەم پیاوەم بەرگوێ دەکەوت، بەڵام لەم دواییە کەپەیوەندی خزمایەتی لێك ئاشناولێکنزیکی کردینەوە، بەڕاستی کەڵەپیاوی وجوامێری و مرۆڤ دۆستی و دووربینی و لەناخەوە وڵات پەرستی ئەوم پتر بۆ ڕوون بووەوە.

دکتۆر ڕەئوف بەڕاستی ڕەئوف بوو بۆ ئەوانەی کاریان پێبوو، بەڕاستی دڵنەوابوو، دڵنەوابوو بۆووڵاتەکەی، بۆزێدی خۆی کەلەسەری لەدایکبووە، دڵنەوابوو بۆخاك ونیشتمان وشارەکەی، بەڕاستی زیرەك، ووشەی لەشوێن خۆی دەردەبڕی، دکتۆر پترلەچارەگە سەدەیەك بوو بڕوانامەی دکتۆرای لەبەریتانیا بەدەستهێنابوو، لەسایەی پسپۆڕیەکەی وەك مامۆستایەکی بەخشندە پتر لەزانکۆیەکی کوردستان وانەبێژبووە، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەرهەمهێنەربووە لەپایتەختی کوردستان، دکتۆری لەیادنەچوومان لێپرسراوی کۆمیتەی ڕیفراندۆم بوولەساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٤لەبەریتانیا، ئەو کەکوردایەتی دەکرد بەرژەوەندوپلەوپایەودادۆشینی خەڵکی لەبەرنامەدا نەبوو، ئەو هەڵگری پەیامی بەرزی وڵات ئاوەدانکردنەوەو مێشك وهزرپاککردنەوەی لابوو،





ئەو دووربین و ستراتیژیانە بیری دەکردەوە، بەداخەوە لەعەقلە گەورەکەی ئەو دابڕاین، تۆبڵێیت جارێکی دیکە ئەم شارەی تەقتەق، پیاوێك تەنیا لەو بچێت بەبەرهەم بێنێت! دکتۆری هەمیشە لەیادنەچوومان ڕێزی لە هەموو کەس دەگرت و کەسیشی لەخۆی بەگەورەترنەدەزانی ئەو گەورەبوو بەڵام خۆسەپێنەر نەبوو، گەر مەرگ بەمیوانی هەرمرۆڤێك بێت بەدەگمەن گەورە پیاوان نەبن لەبەرامبەریدا بەرگەناگرن، تەنیا بوێروبەڕاست ئازاکان بوێرانە بەرامبەری دەوەستنەوە، بەرامبەر بەو نەخۆشیە کوشندەیەی کە دووچاری بوو بۆوە بەوپەڕی بوێریەوە ڕووبەڕووی دەوەستایەوە، لەهەمانکاتداوبۆچرکەیەك لەهەوڵەکانی دەوروپشتی بێئاگانەبوو لەهەموو بوارە بەهەندەکان قسەوتێڕوانین و دیدی ژێروستراتیژیانەی هەبوو، دوا پەیام کەدەربڕی ئەوەبوو کە ووتی"ئێستا من زۆر ئاسوودەم چونکە پەیامێك کە ویستی خۆم بوو گەیاندم" ئەو هەمیشە دەوروبەرەکەی رادەسپارد کەپتر بخوێننەوەو خۆڕووناکبیر بکەن، بەڵێ ئەو پەیامەکەی گەیاندو ئەو قەرزەی کەلەسەرشانی بوو بۆگەل ونیشتمان دایەوە بەڵێ ئەو پەیامەکەی گەیاند بەڵام چ پەیامێك؟ پەیامی بەخشین نەك چڕینەوە، پەیامی زانست نەك تاریکایی و ژەنگاوی، پەیامی پێگەیاندن نەك تێکشاندن،پەیامی سەربەرزی و کەڵ ژیان نەك خۆدەوڵەمەندکردنی ناڕەواوگەنی ژیان، پەیامی بەرهەمهێنانی خێزانێکی بەخشندە بۆکۆمەڵ، نەك بارگرانی بەسەرکۆمەڵ، ئەگەر لەم (١٠-١٥)ساڵەی ڕابردوو کەسانی

کاربەدەستی پێشترلەڕابردوو دەست کورت، لەم ماوەیەدا خۆیان هەڵاوساندبێ و لەسایەی ئازادی کوردستان مشەخۆرانە بگوزەرێن، ئەوا ئەم کەڵەپیاوە هەمیشە لەخەمی بەخشندەیی هزروبیری تیژوکاروهاوکاری خێرخوازی بووە بۆهاولاتیانی، بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوف شایەدی قسەکانمانە کەلەشارەکەی خۆی دایمەزراند، سەرەرای ئەو دەستگرتنەی بۆدەیان خوێندکاری کورد دابینی کردبوو وچەندین کاری دیکە، یەك لەبەڵگەکانی مەزنی ئەم کەڵەجوامێرە ئەوەیە هەر لەگەل بلاوبونەوەی هەواڵی گیان سپاردنی ئاپۆرەی بەتەنگەوە هاتنی ئەم خەڵکە فراوانە، ڕێگاوبانەکانی هەولێروکۆیەوسلێمانی تەنیبۆوە کە بەرەو پیری تەرمەکەی هاتن و هەموو دڵسۆزانی ئەو و نیشتمانی دڵتەنگ کرد لە کاتێکدا ئەونەبەرپرسی حکومەت و نەوەزیرونەسەرۆکی حزب ونەکاربەدەستێکی بالای دەوڵەت بوو بەلام خۆی بالا بوو، رۆلەیەکی بەڕاست زرنگ وکەڵەجوامێرێکی بەخشندەوبلیمەت بوو بۆ گەلەکەی، هەموومرۆڤەپاك وسەربەرزەکان خۆزگەی چۆنیەتی ژیانی ئەم پیاوە مەزنەن، گیانی ڕەوان





## سەفەری فریادرەسێك

## لەمەملەکەتی مەعریفەوە بۆدوامالٚ ومەنزڵگە

**شیعری: پەیوەست خۆشناو**

لەهێڵەگی ناسۆریما، لەناوخەم وفیغانا
هۆنراوەیەکی ئافات سەری هەڵدا
ئازیزانم گریان قورگتان نەگرێ
لەتەقتەقی خۆشەویستی گوڵ رەئوفدا
باپەپولەی شادی بفرێ
بەلام ئەوە هەناسەو خەمی ناو دەرونمە
موچرکی نالەوسۆمای گریانمە
توخودا مەرگ چەندم ووت
دەست لەئاوازی ئەم دکتۆرە مەدە
بادڵم نەچریکێنێ
ئیمرۆ دڵم لەمیحرابە
هەڵمگرن بمبەن بۆ لای بانەڕەقە
ئەی تەقتەق دەزانم ئەمرۆ

خەمی دنیات ناوەتە کۆڵ و

بەئەفسوونی فرمێسکەکانت دادەبارێنی

دکتۆر رەئوف

کۆشکی ئارام وسەبووری

بەیادی تۆ ئاوازێکی ئارام دەژەنم

بڕوا ناکەم تۆ وادەی

جێژوانی نەخۆشەکانی هەولێرت

بەمەرگ دابێت

هێشتا تریفانەوەو ووشەپڕ لەتاسەکانت

گەرم و بەکوڵ بوون

نەدەبوو هەتیووی نێو کۆلانەکانی تەیراوایان

بکەی

ئێستا من وحەیرانی قەڵەمەکەم لەبەردەمتا

ئاسك ئاسا دەنوشتێینەوە

لەرۆژگارێکی سەختی تەمەندا

لەبنەماڵەیەکی بەئەمەکی تەقتەقدا

لەدەڤەرێکی کشتوکاڵی و لەنێو باوەشی

جوتیاراندا





کەوتیتە ناو لانکەی تەقتەق و

لەو ڕۆژەوە تەنیا وشۆڕە سوارەی زانست و

سەردەستەی زانایان و

نەوادانی مناڵە بێ نازەکانی ئەم وولاتەی

وەکو چرا ڕۆشنکەرەوەی کونجە تاریکەکان،

سەفەری ژیانت لەماڵی کوێخایەکی نەجیب

زادەی ئەم تەقتەقە دەست پێکردو

گاگۆڵەی هۆشیاری وپەروەردەی زانست ومەعریفەت

لەباوەشی گەرمی دایکە تەقتەقدا وەرگرت و

لەسیم پارەی هزری ئەم دەڤەرەدا ئەلف وبێت خوێندو

دوایی سەفەری پێگەیاندن و زانستت درێژکردەوە

بۆکۆیەوهەولێروبەغداوچەندین شوێنی تر

هەتا سەفەری زانست تۆی گەیاندە دوورترین وێستگە،

لەم سەفەری زانستەدا

بیرۆئایدیات کردبووە وێستگەی پەناهەنکردنی زانست و

خۆت کردبووە پەخشکەروناسێنەری ئێمەو

بەسۆزو ئەندێشەوە، بەهیلاکی و ئاواز چێشتنەوە

کەلتوروئەدەب ومێژووی ئەم گەڵە ستەم دیدەت

بەدونیادا پەخش کردوبڵاو کردەوە
لەوێش لەهەر وێستگەیەك و هەر شوێنێك
قامکێك زانستت شك بردبێ
وەرتگرتووە و لەگەڵ خۆتدا چەندین زانیاری و
فێربوونت
لەم زانستی سەردەمەدا کۆکردۆتەوە و
هێناتەوە بۆ ئێرە
ئاخۆ دکتۆر لەم سەفەری زانستەدا
لەفارغۆنەکانی شەمەندەفەری سەفەرو
لەفرۆکەخانەکانی تەمەندا
چەندین سات بەتەنیایی چاوەڕوانی گەیشتن و
دەرچوون و
چەندین شەونخونی خوێندن وبەدەستهێنانی
ئەو پلەونمرەیە بووی.....
ئەم سەفەری زانستت درێژکردەوە
هەتا بەردەم زانکۆی لیڤەرپول و
بەریتانیاشت بەزاتێکی ئەم تەقتەقە ناساند
دکتۆرەکەم، ئەی دکتۆر گیان





تۆ هێندەی پەپولەیەکی سەرمەست شەیدای
زانست و
سەیرکردنی ناوباوەشی مەعریفەو
تۆهێندەی پەروانەیەکی سەرمەست
خۆت بەهەموو چرایەکی زانست دائەداو
باڵەکانت زیندوو ئەمانەوە
تۆسەد هێندەی شیلەی ووشە
شیلەی زانست و هۆشیاریت دەزانی
ئەی ئەو شەماڵە ماندووەی بەدرێژایی تەمەنت
تنۆکی ئارەقەی زانست و ئەشکی هۆشیاری و
فرمێسکی زانیاریت هەڵڕێشت
سندوقەکانی ئەڤینی خزمەت وچالاکیەکانت
ناژمێردرێن
بنکەی خێرخوازیەکەت
تەکیەیەکە بۆ سۆفی و دەروێشەکانی زانست
مەڵبەندێکە بۆ پەرشکردنی شەبەنگی ڕۆژو
ڕووناکی لێ پەخش دەکرێ
کتێبخانەکەت، چەندان بیریاروخوێنەری هێژا

دەکات بەقارەمانەکانی هۆشیاری و
سەنگەر دەگرن بەرامبەر جەهل و بۆ تێکۆشان
هەوڵدەدەن
کتێبخانەکەت، کانیاوێکی کەوسەر ئاسایە
زانست ومەعریفەی لێ هەڵدەقولێ و
لەسندوقی عەتارەکاندا دەگواسترێتەوەبۆ
هەموو لایەك
وەك ئاوی حەیات
کتێبەکانی کتێبخانەکەت، مردووی پێ زیندوو
دەکرێتەوە
دێڕی ناوپەڕی کتێبەکانت وەك کراسەکەی
یوسف
ڕۆشنایی بۆ کوێرەکان دەگێڕێتەوە
بیستن وگوتن بۆکەڕولاڵەکان دەگێڕێتەوە
بنکەی خێرخوازییەکەت
نەداروهەژارەکان، سەرمەست و تێر زانست
دەکات
قوتابخانەیەکە بۆ ڕۆشنبیری





تەکیەیەکە بۆ عیبادەتی کوردایەتی
کەعبەیەکە قیبلەی لێکۆڵەرو توێژەکانە
جێگای شانازیکەرانی فێربوونە
بەخشیشخانەی خەڵاتی خوێندکارە یەکەمەکانە
کتێبخانەکەت، بەیانیان نێرگزجاڕو
لای نیوەڕۆیان سەبەتەی سێو
لای عەسران شەبەنگی سەر دەریاو
ئێوارانیش شەمعدان و چراخان
پڕپڕە لە هونەرو ئاوازی پێگەیاندن
پڕ لەجوانی و پڕ لەووتەی لەسەرەخۆیی و
پڕلەشەونمی حەرف ووشەی پڕلەفێرکردنی
زانستیانەو
پڕلەپەندی ڕۆشنگەری و
هەرلەوێدا خوێندکارانی ئەم دەڤەرە
هێدی هێدی پڕ دەبن لەمەعریفەو
دەبن بەبیریارومامۆستای نەوەکانی دوای خۆیان
بنکەی خێرخوازییەکەت
باخەڵێکی گەورەی ژیان وهیوای سەرکەوتن و

یەکەم بوونی خوێندکاران و هەدیەکردنی
نەداران و
هەرچی تینووی زانست هەیە خۆی پیادەکاو
بەقەد بەشی ماڵێك دڵنەوایی خۆی لێ دەبات و
دوایش، ئاخێکی نەمریت بۆ هەڵدەکێشێ و
هەزار نزای ڕەحمەت و گەردن ئازایت بۆ دەڵێ
تۆ بەم کارەت حەرامترین ڕێچکەت حەلاڵ کردو
شێوازێکی تری خزمەت کردنت لەم وولاتە
پەشێوەدا داهێنا
ئای مەرگ؟؟!!......
کاتێك ئەم بەیانی یە بێ دەنگە
لەباوەشی پیرە قەلاّدا بەئەسپایی خەوتبوون
ئەم بەیانی یە پۆڵ پۆڵ
منالانی گوڵ بەدەست، زەمینێکی ئاسمانی
پڕفریشتەیان سازدابوو...
چی لەخەزان چاوەڕوان دەکرێ؟!
لەم پایزە کە وەرزی مەرگ وهەڵوەرین و هەڵزریکانە
ئەچم بۆ لای یەکەم گوڵی مانگی ئەیلول و





ئەچم بۆ لای بانەڕەقەوبەردەم دەروازەی تەقتەق،
تەقتەقەکەم لەدەم وچاوی تۆدا
نزمە هەورێکی ژاکاو و زەردەخەنەیەکی تۆقیو و
کزەبایەکی سیس بوو دێن و دەچن
لەنیگاکانی تۆدا تەقتەق،
جوتێ باڵندەی فرمێسك و پۆلێ هەناسەی
زەردباو
کۆمەلێ گۆنەی وەریوو، هیوای تاریکی
هەڵدەفڕێنن
لەبەرۆکی تەقتەقەوە
بۆنی تەپ ونم وخۆڵی نیوە ووشك ونیوەتەڕو
بۆنی ڕەشەڕێحانەکەی خەم و
بۆنی مەرگی کراسێکی ڕەشی ئاودامان و
بۆنی ڕەنگێکی شێداری نیوەسوورو
بۆنی تەنیایی کتێبخانەیەك وبۆنی بنکەیەکی
خێرخوازی دێ
گۆشەگیر لەناوحەشری هزری تێکچڕژاوم
لەماڵە بێ دیوارەکەم ئەمڕۆ سێبەری سەفەرت

مەرقەدێکە لەقەدەرێکی بریندار
چۆن ناوت بێنم؟!
من ئێستا زۆر بەحەشمەتی گەڕانەوەی
خەونە وەنەوشەییەکانم
بۆ نیگاودیدارت زۆر بێ سەبرم
وەرە دکتۆر وەرە
بەباوەشێ کتێبەوە وەرە
بەباوەشێ سوسنەی پایزانەوە وەرە
وەرە دەرگای بنکەی خێرخوازییەکەت بکەوە
بەمناڵ وخوێندکارانی تەقتەق بڵێ
ئەم کاتەتان باش
وەك فریشتە بگەڕێوە لامان
یەکەیەکە کۆلانەکانی تەقتەق بەسەر کەوە
وەرە بچۆرە کتێبخانەکەت
لەدوای سەفەری مەرگت
کەس دڵی نایە کتێبەکان بخوێنێتەوە
کورسی مێزەکان بێ نەوان
کەس بینایی نی یە پەڕەکانی کتێبەکان





هەڵداتەوەو
کەسێ نی یە ببەخشێتە خوێندکارە
دەرچووەکان
کەسێ نی یە دەستی بەزەیی بەسەری هەژارە
نەدارەکان دابهێنێ
لەدوای مەرگت کێ ئەو هەموو کارو
چالاکی وخزمەتیانە ڕاپەڕێنێ
کێ نەمام وباخ و گوڵ بڕوێنێ
وەرە جێمان مەهێڵە
وەرە بۆنی خۆڵ وکەپرەشینەوگەلابان و
دارەبەنی تەڕو
بۆنی پونگەورێحانەت لێ بێ
لەگەڵ خۆتا بۆن وبەرامەی گڵ وگیای
بەریەکەم بارانی ئەەم پایزە بێنە
لەدوای مەرگت
خاك ڕەشپۆش وئێمە ڕەش پۆش و
درەختەکان پڕچیان شێوا
گوڵ هەڵوەری و چۆلەکە نەی جریواندو

**بیناییمان لێڵ و**

**دوکەڵ لەکانیاوەکانمان هەڵساوگیانمان شەختە**

**بەستی**

**ئاخ دواسەفەرت!!!**

**دوور لەهاوڕێ و دوور لەبرادەران و دوور**

**لەناسیاو دوور لەدراوسێکان**

**ئێمەش لەدووری تۆ بێ فرمێسك جەرگمان**

**قرچ سوتا**

**ئێستا تۆ لەکوێی؟**

**گەنج ولاوی ئەم دەڤەرە لەبەردەمی ماڵەکەتا**

**شەوبەراتی کتێبخانەیەکی تر دەڵێنەوە**

**دەروونیان زۆر نامۆیە**

**ئەی دکتۆر گیان**

**تۆزامێ بووی بەهەناسەی مرۆڤایەتی**

**گەورەبووی**

**تۆ خونچەیەك بووی لەم تەقتەقە کرایەوە**

**تۆگوڵ بووی گوڵ**

**تێکەڵ بەچەپکی کاروانە پیرۆزەکەی نەمران**





**بووی**

**لەئارامگای بانەڕەقە هەوارت خست**

**ئەی ئەو ڕێبوارەی سەفەری مێژووت بە**

**کۆڵەوە داو**

**هەگبەی ژیانت پڕ لەهیواوخۆزگەبوو**

**ئێمەش ڕێبواری ڕێی تۆین،**

**ئێمەش جێبەجێکەری هیواکانی تۆین**

## شیوەنێك

### شیعری پیرۆ وهاب

ئەیلولە دیسان وا شیوەنە خیزە
یاخود پایزە وەختی گوڵ ڕیزە
ئەیلولە دکتۆر هێرشە بۆ جەستەی تۆ
یاخود دکتۆر مانگی پڕغەمە بۆئێمە بێ تۆ
کام دەردە دیسان وا دڵ ئەجۆشێ
کام خوێنی جەرگە دەروون ئەینۆشێ
کام وەیشومە بوو وا هێنای بەتاو
دکتۆر تۆی گەوهەری لێبردین لەناکاو
کام تریشقە بوو بەیەك مەشخەڵان
گردی ئومێدی کردین بەکەندەڵان
مەحشەر هەڵساوە دکتۆر دونیا ئاخرە؟
هەناسەم واردە دڵ کۆی ئاگرە؟
چی یە؟ هەی هاوار ئاخ چی قەوماوە
کەس وکارم بەجارێ پشتیان شکاوە





گەرمە شین بکەن دەی قوڕ پێوانە
مەیتەکەی دکتۆر ئیمشەو میوانە
هاوار بنێرن بۆ ئەم تەقتەقە
بەیانی زووە باچاوەڕێ کەن لەبانەڕەقە
بارێزبکەن ڕێز بەتاك وکۆ
هەرلەتەقتەقەوە هەتاوەکو کۆ
ڕێزی لەشکریش هەموو ماتەمە
فرمێسك بڕێژن ئەمە گەورەترین غەمە
گەڵای گوڵ خونچەی شادیم وەریووە
دڵ قەت کۆستی وەهای نەدیووە
پەنای بێ چارەو بێ کەسانم ڕۆ
قەڵای قایمی تەقتەقیانم ڕۆ
دکتۆرگیان سەفەرت زوو بوو بۆ بەجێهێشتین
لەناکاوێك بەجارێ دونیات لێ تاریك کردین
منداڵەکانت، خوشك وبراکانت هۆشیان نەماوە
براوبرازات، قەوم وئەقریبات پشتیان شکاوە
یەکێ بووی مردیت دڵ پڕ لەهیوا دەم بەئۆف وئاخ
هەزاران لەدوات سەریان لێشێواو دڵیان پڕ لەداخ

دکتۆر نامرێ، دکتۆر هەرماوە، دکتۆر هەر زیندووە
بۆچی دیارنی یە؟ دکتۆر چی لێقەوماوە؟ بۆچی وونبووە؟
دکتۆر چۆن ئەمرێ؟ دنیا چۆڵ ئەکا ئەوا بەگەنجی؟
زیارەتی کوێخاو دایکی ئەکات بەشادوومانی
بەدەستە دەستە مەچن بۆشاران
لەوێ نەماوە دکتۆر رەئوفی خانەدانان
وێڵ وێڵ بگەڕێن بەشاخانەوە
بێ پشتیوان و بێ کەس ماینەوە
توخوا مەڵێن دکتۆر رەئوف مردووە
بیری فاتمە خانی دایکی کردووە
های کوێخا عەزیز ئەوسیما جوانە
مامە رەئوف لای تۆ میوانە
دڵ بۆ تەئریخ یەخەی خۆی دڕی
ڕۆحی شیرینی دکتۆر هەڵفڕی





## بڕیارێکی بوێرانە لەژیانی دکتۆردا[۱]

هەموو کەس خاوەنی بڕیارە، بەڵام ئاستەمە هەموو کەسێك بتوانێ بڕیارێکی بوێرانە بدات، کەژیانی بەند بێت پێوەی، بڕیاری بوێرانە هەموو کەس ناتوانێت بیدات بەو شێوەیەی کەوا خۆم یەکێك لەبڕیارە کاریگەروهەرەبەهێزەکانی باوکم لەژیاندا بینی وئاگاداربووم لێی وە بووە مایەی ئازاروناسۆر چەشتنێکی گەورە لەسەر دڵم کەدەمەوێت باسی ئەو بڕیارە مەردانەی باوکم لەڕێگەی ڕۆژنامەی تاکەوە بکەم.

کە ئەویش ئەگەرچی باوکم کەسێکی لێهاتوو و بەتوانابوو کە ئەمە لەلای خەڵکی شتێکی ئاشکرایەولەوانەشە دەوروبەر درکیان بەمە کردبێت، بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون، ساڵی ۲۰۰۲من لە لەندەن بووم کاتێك باوکم لەهەولێرەوە هات بۆ لامان، ئازارێکی کەم لەگەدەی هەبوو، لەیەکێ لەنەخۆشخانەکانی لەندەن هەموو پشکنین ونۆرینەکانی ئەنجامدابوو، پزیشکی نەشتەرگەریەکە داوای لێکردبوو دوای ئەوەی کەئەنجامی پشکنینەکانی بردبووە لای من وباوکم ودکتۆر ڕۆژی بڕام بووین(بەپێی ئەنجامی پزیشکیەکان)باوکم پێی وترابوو٩٨٪ی نەخۆشیەکەت خراپ نی یە وجێی مەترسی نیە، بەڵام

ئەوەی ماوەتەوە ئەگەری هەبوونی خراپەی لێدەکرێت و وە پێویست بەهیچ جۆرە نەشتەگەیەك ناکات، بەڵام باوکم زۆر بەووره بەرزی و جەسورانە بەبێ دوودڵی ووتی"من نامەوێت لەگەل شتێك بژیم کەنەزانم چیە؟ و وە١٠٠٪بۆم ڕوون نەبێ".

بۆیە لەسەر داوای خۆی بریاری داو داوای کرد کە پزیشکەکە نەشتەرگەرییەکەی بۆ ئەنجام بدات، لەگەل ئەمەشدا پزیشکەکە ووتی ئەم نەشتەرگەریەت پێویست نی یە تۆ هیچ نەخۆشیەکت نی یە؟!

ئەوە بوو نەشتەرگەری بۆئەنجامدرا، ئێمە لەدەرەوەی هۆڵی نەشتەرگەریەکە چاوەڕێی بووین، دوای ئەوەی کە دکتۆرەکە هاتە دەرەوە بەمن و دکتۆر ڕۆژی برامی ووت"ڕاستیەك هەیە سەرنجی ڕاکێشاوم ودەمەوێ پێتان بلێم کە ئێوە کوری ئەو مرۆڤەن دەبێ ئەو ڕاستیە بزانن، کەباوکتان پیاوێکی بەهێزوبەتواناوخۆراگروبوێرە، زۆرکەم مرۆڤی وا ئازاوبوێرهەیە لەم دونیایەدا کەوا بریاری خێراو گونجاوبدات وە لەدوای ئەم نەشتەرگەریە ژیانی باوکتان بەتەواوەتی دەگۆڕێت".

خودی خۆم پرسیارم لێکرد ووتم بۆ دکتۆر؟ وەلامی ئەوەبوو ووتی" ئەگەر ئەم نەشتەرگەریەمان نەکردبوایە نەمان دەزانی باوکت ئەم نەخۆشیە ترسناکەی هەیە، هەرچەندە باوکم کە ئەو بریارە گەورەشی دا نەیدەویست لە ئێمەوژیان دابرێت، بەهەموو جۆرێك بەرەنگاری ئەو





نەخۆشیە بۆوە بۆماوەی چوارساڵ ململانێی کرد جۆرەها داودەرمان وچەندین شوێنی وەك ئەڵمانیاوبەریتانیاولوبنان وئوردەن وە چەندین جارچوو بۆ ئوردەن وە لە کوردستان و عێراقیشدا لای چەندین دکتۆری شارەزای هەولێروبەغداد گەراوە بەدوای هەموو جۆرە چارەسەریەك دەگەرا، بەڵام دواجاربەداخەوە ئەم نەخۆشیە بووە هۆی کۆچکردنی، هەزاران سڵاولەگیانی پاکت ئەی باوکی شیرینم، خوازیارم خودا بەبەهەشتی پان وبەرینت شادبکات.

(١) ئەم وتارە لە چلەی ماتەمینی دکتۆر رەئوف لە ٢٧/١٠/٢٠٠٦ لە لایەن هەڵات دکتۆر رەئوفەوە پێشکەشکرا، لە ژمارە ٢٢ی رۆژنامەی (تاك)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ بلاوکرایەوە.

## وتاری بنەماڵە لەلایەن هەڵاتی کوریەوە

بەناوی خۆم و بنەماڵەکەمانەوە، بنەماڵەی خوالێخۆشبوو دکتۆر ڕەئوفەوە، بەخێرهاتنی گەرمی ئێوەی بەرێزدەکەم کەوا لێرە ئامادەن بۆ چلەی ماتەمینی باوکی خوالێخۆشبووم ئێمە زۆر شادومانین بەبینینی ئەم ژمارە زۆرە لەهاوڕێیان ودۆستانی زۆر نزیکی باوکم کە ئەمەش ڕێزی گەورەیی ئێوەیە بۆباوکم.

لێرەدا دەمەوێت ئەوە بلێم کە باوکی خوالێخۆشبووم یادەوەری زۆر خۆش و ڕووداوی زۆر جوانی لەگەڵ هەریەکێ لەئێوەی بەرێزدا هەبووە، هەرچەندە باوکم ژیانی کورت بووە بەڵام لەماوەی ژیانی دا زۆربەی ساتەکانی ژیانی لەگەڵ ئێوەی بەرێزدا بەیادەوەری جوان وگفتوگۆو قسەی خۆش بەسەر بردووە، دەمەوێ دڵنیاتان کەم کە ئەو پەیوەندیە پتەوەی لەگەڵ باوکی خوالێخۆشبووم هەتان بووە بۆخوودی خۆم و هەمووکەسایەتیە نزیکەکانی بنەماڵەکەمانی باسکردووە، بۆیە زۆربەی ئەو یادگاریانەی کە لەگەڵ باوکی خوالێخۆشبووم هەتان بووە دەیزانم.

وەلەدانیشتنەکانیدا بۆی باس دەکردین کە چۆن بەپێی تێپەربوونی کات ئەم ئاشنایەتی و دۆستایەتیەی کەهەیان بووە گۆڕاوە بۆبرایەتیەکی ڕاستەقینەی پاک، وە ئەمەش وای کردبوو ئەم یادگاریانە





زۆر بەتوندی ببەسترێ بەژیانی باوکمەوە، وەلەم کۆرەدا دەمەوێت مشتێکی بچووك لەخەرمانی یادەوەریەکانی گەر باوکم باس بکەم.

کەوا پێش مانگێك بەر لەکۆچی دوایی باوکم پێکەوە لەژوورە تایبەتیەکەی خۆی دانیشتبوین، هەرچەند لەو کاتەدا باری تەندروستی زۆرباش نەبوو، بەڵام لەوقسانەی کە پێکەوە کردمان باسی زۆر لەهاورێکانی بۆکردم، ووتی"هەر گرفتێك هاتە ڕێگەتان کوڕم داوا لەهاوڕێیانی من بکە بۆچارەسەرکردنی چونکە ئەمانە دڵسۆزی منن، دڵنیابە بەهانای ئێوە دێن" لەم قسانەی هەستم بەمەکرد، کەوا باوکم دەزانێت ژیانی ڕوو لەکۆتایی یە.

وەلێرەدا حەزدەکەم باسی دکتۆر ڕەئوف بکەم وەك باوك چونکە ئەو ئێمەوبنەماڵەکەمانی بەسۆزوخۆشەویستی پەروەردە کردبوو، وەپەیوەندیەکی تایبەتی هەبوو لەگەل هەریەکێ لەبنەماڵەکەماندا، کاتێك کە لەگەڵی دەدوای هەستت دەکرد کە تۆنزیکترین کەسی لەو چونکە بەهیچ جۆرێك جیاوازی نەدەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەباوکمان بوو بەشتێکی گەورەتر لەباوك کە ووشە ناتوانێ پێناسی بکات.

وەئەوەی شایانی باسکردنە خوالێخۆشبووی باوکم هەموو دەم هانی دەدایین بۆ گرنگی دان بەخوێندن وە هەموو هەولێکی بۆ ئەوەبوو

ڕۆشنبیربین، نەك تەنها بۆئێمە بەڵكو بۆهەموو خەڵكی و وەهەموو دۆست برادەرەكانی و ناوچەكەشی بوو، هەركاتێ گوێیستی هەواڵی خوێندكارێكی سەركەوتووی ئەم ناوچەیە بوایە زۆر دڵخۆش دەبوو، وەهەموو هەوڵی ئەوەبوو كەخەڵك بخوێنێ و كاری چاك بكات، وەدووربن لەخراپە، وەیارمەتی خەڵكی ئەدا بەهەموو شێوەیەك.

باوكم نەیدەویست لەژیان دابرێت بەهەمووجۆرێك بەرەنگاری نەخۆشیەكەی بۆوە، لەماوەی چوارساڵ ململانێی لەگەڵدا كرد، بەڵام لەكۆتاییدا ئەم نەخۆشیە تەواو زاڵ بوو بەسەریدا.

وە لەكۆتاییدا نازانم چۆن كۆتایی بەووشەكانم بێنم، چونكە ئێمە دونیای ڕووناكمان بوو بەتاریكە شەو، بۆیە ئێمە زۆر ماتەمین بەكۆچی ناوەختی باوكم چونكە ئێمە كەسێكمان لەدەستچوو كە تەنها باوك نەبوو بەڵكو برادەروخۆشەویستی ناودڵمان بوو، بەڵام بەبینینی ئێوەی بەرێز هەندێك لەخەم وئازارەكانمان كەم بۆوە، چونكە ئێوە زۆر خۆشەویستی باوكم بوونە، دووبارە بەخێربێن و دەمەوێت زۆرسوپاسی هەموو ئەو كەسانە بكەم كەیارمەتیان داوین بۆ ئەو كۆڕە ماتەمگێریە.

زۆرسوپاس بۆتان

# بەشی چوارەم

# پاشکۆی وێنەکان



لەڕاستەوە: ١- دکتۆر رەئوف کێخوا عەزیز ٢- شەوکەت شێخ سلێمان ، کوری کاتب ناحیەی تەقتەقی ئەوکات ، ئەم وێنەیە لە دواقۆناغی سەرەتایی گیراوە ساڵی ١٩٥٩







دکتۆر رەئوف و هاورێکانی لە کۆلیژی ڤێرتێرنەری ئەبوغرێب ساڵی

١٩٦٥



دکتۆر رەئوف لەکاتی خوێندنەوە لە٢٣-١٠-١٩٦٥



دکتۆر رەئوف لەکاتی وانەبێژیدا(**محاضرة**)لە٢٣-١١-١٩٦٥



دکتۆر رەئوف لەدواقۆناغی زانکۆ لە١٦-١-١٩٦٩لەسەر بینایەی (دارطلبة،باب المعظم)







دکتۆر رەئوف لەسەر شانۆ لەکاتی ئاهەنگی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ساڵی ١٩٦٨لەکۆلیژەکانی بەغداد.



دکتۆر رەئوف و هاورێیەکی کە لەکۆلیژی ئەندازیاری بابل لە١٠-٣-١٩٦٧گیراوە.







لە٦-٦-١٩٦٩ لەدارولتەلەبە گیراوە لەراستەوە دکتۆر رەئوف و لەچەپەوە سامی هاورێیەتی.



لەرێکەوتی ٧-١-١٩٦٩لە نەخۆشخانەی ئاژەڵی شێخ عومەر گیراوە لەراستەوە: ١-دکتۆر هیوا بەکر ٢-دکتۆر رەئوف ٣- جوتیارێك



لەرێکەوتی ٢٧-١-١٩٦٩ لەنەخۆشخانەی ئاژەلی بەغداد گیراوە لەگەل پرۆفیسۆر(بانکۆ)



ساڵی ١٩٧٩لە لیڤەرپولی بەریتانیا گیراوە







لەرێکەوتی ٧-١-١٩٦٩لەدارلتەلەبە گیراوە لەراستەوە دکتۆر رەئوف، دکتۆر عزالدین بەرزنجی،دکتۆر هیوا بەکر



لە رێکەوتی ١٣-٢-١٩٦٨ لە شاری ئەسفەهان مەسجد شاە گیراوە



لەرێکەوتی ١٥-٢-١٩٦٩لەدارلتەلەبە گیراوە لەراستەوە: ١-تەحسین ئەتروشی خوێندکاری ئاداب فەلسەفە ٢-دکتۆر رەئوف پزیشکی بەیتەری ٣-سالح جبوری خوێندکاری ئیدارە







پاشکۆی تایبەت بە چلەی ماتەمینی دکتۆر رەئوف

NO. (22) 2nd year Oct 2006

بڕیارێکی بوێرانە لە ژیانی خواڵێخۆش بوو د.رەووف دا

من ئامەوێت لەگەڵ شتێک بژیم کە نەزانم چیە؟ وە ١٠٠٪ بڕوام پێی نەبێ

ڕاستیەك هەیە سەرنجی ڕاکێشاوم و دەمەوێ پێتان بڵێم کە ئێوە کوڕی ئەو مرۆڤانەن دەبێ ئەو ڕاستیە بزانن



بەڕێز کاك ئاراس ئیلنجاغی

ئەم کاتەت شاد.

زۆر سوپاس بۆ نامەکەت. وەڵامەکانم:

١- هەر بەردەوام دەبم لە یارمەتی دانی "تاك".

٢- مەبەستو ئامانجی نیگای خێرخوازیەکە. بۆ بلاوکردنەوەی هۆشو بیری خێرخوازی لە ناو خەڵک لەباتی دارایی یان تاکگەری لە ناو دانشتوانی شارۆچکەکەمان. هەروەها یارمەتی دانی خوێندکاری زیرەك بەتایبەتی هەژاران. وە هاندانی خەڵکان بۆ زیاتر خوێندن وسور بوون لە سەر ناردنی مندالان بۆ خوێندن. گەنجان تەماشا کەن خەڵکی باش وە خێرخواز وە نیشتمان پەروەر هەیە لە ناو شارۆچکەکەمان. ئەمکە بۆ داهاتوو خەڵکی تریش هەڵێ چاومان لێ بکات بۆ زیاتر خزمەتی ناوچەکەمان.

٣- شوێنی پرسە: لە سەر داواکاری پیاوە ماقوڵانو ڕیش سپی شارەکەمان بڕیارم داوە هۆڵێکی گونجاو دروست بکەم بۆ ئەم مەبەستە. وە داوام لە بەڕێز بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق کردیە کە زەویەکی گونجاو بۆ ئەم کارە بۆمان تەرخان بکات. چاوەڕوانی هەوڵەکانی ماموستا کاکە خاتین کاری خێری خۆی بکات.

٤- بۆ ژمارەی "تاك": تاکو ئیستا دوو ژمارەی تاکم بینیوە... زۆر باشە دەست خۆشیتان لێ دەکەم بۆ ژمارەی یەك و دوو... بۆ هەر بلاوکراوەیەکی تازە زۆر باشە. لە هەمووی زیاتر ڕام لە نوسینەکەی تایبەت بە مێژووی تەقتەق بوو... هەندێ بۆ چوونی ترتریش هەیە... کە چاوەڕێتان دەکەم باسی دەکەین.

زۆرم پێ خۆشە ئەگەر ڕۆژێك بتوانن لەگەڵ هەڤاڵەکانت







بێن بۆلام لە هەولێر یەکەم مێوانم بن دووەم باسی ئەم کارەکانتان وە ئیشەکانی منیش بکەین لە نزیکەوە. تکایە پێش هاتنتان تەلەفونم لەگەڵ بکەن ئەوەك لە هەولێر نەبم. تەلەفوندانم:-

موبایلی کورەك: ٤٤ ٦٦ ٩٩٠

تەلەفۆنی ماڵ: ٢٢ ٢٢ . ٢٧

٥- پێشنیار: ئەگەر بکرێ چالاکی کۆمەڵایەتی ناوچەی تەقتەق تۆمار بکرێت وەك ژن گواستنەوە، پرسەو سەرخۆشی وە شتی خۆشو ناخۆشی بنوسرێت لەناو "تاك".

پێش زۆر ڕێزو سڵاودم هەیە بۆ خۆتو هەڤاڵەکانت وە سەرکەوتوو بن لە هەوڵەکانتان وە هەر خۆشبن.

برات

رۆوف

٢/١١



No: 4106 Sunday 29/10/2006

# لەیادی چلەی کۆچکردوو کاکە دکتۆر ڕەئوف

ڕۆژی هەینی (١٠/٢٧) لەهۆڵی شەهیدی سەرکردە عەبدولرەزاق لەتەقتەق چلەی ماتەمینێی خوالێخۆشبوو د.ڕەئوف کوێخا عەزیز بەڕێوەچوو، تیایدا بەڕێز عادل موراد هاوڕێی خوالێخۆشبوو وتەیەکی پێشکەشکرد کەئەمە ...

عادل موراد

## ضوء اخضر

## كلمة وفاء لرحيل صديق الدرب الدكتور رؤوف

عادل مراد

## دوا ستوون

## فرمێسکێکی وەفاداریی بۆ هاوڕێی شیرینم دکتۆر ڕەئوف

هاوڕێت
فاروق مەلا مستەفا

## المحطة الأخيرة

## كلمات في رثاء الصديق الوفي د. رؤوف كويخا عزيز

صديقك المفجوع
فريد زامدار/بغداد

## د.ڕەئوف، هەڵسوڕاوێکی کارای ئەکادیمی

## دریژە پێدەری ڕێبازی باوکم و بەڵێنەکانی

هەڵات د.ڕەئوف

## زانکۆی کۆیە







لەڕاستەوە : حاکم جاسم محمد دادنوس وداواکاری گشتی حاکم شێرزاد و ماموستا کەیفی و ماموستاهێمن



ژمارەیەك لەو خوێندکارانەی کە یەکەم خەلاتی سالآنەی دکتۆر رەئوفیان پێبەخشرا لەریزی دواوە دوو خوێندکاری کەناسراون ڕەزبەر رزگارو شنیار سابیر وە لەرێزی پێشەوەرێناس حوسێن و ئەژی نادر



ماموٚستایانی خوێندنگه بنەرەتیەکان ماموٚستا ئیسماعیل عەزیز وپێشەوا شەمسەددین وئەحمەد خالد



لەڕاستەوە : ماموٚستا تریفە مەلاناسح و نەسیمە جەلیل و دیلانی خوشکی







ئامادەبووان لەریزی پێشەوە و دەستە ڕاستەوە: مام نامقی کوێخا ڕەشید و مەلا ئەبوبەکر عەبدوللاّ وجەلیل ئەحمەد ومام رەفیقی کوێخا رەشید و حاجی حەمەزیاد و وهابی کوێخا عەزیز



لەڕاستەوە: دکتۆر رەئوفی کۆچکردوو و دکتۆر جەمال محمد باجەلان و حاکم هیمداد مجید مەرزانی و ماموٚستا حەسەن فەرەج



خوێندکاران : موحەمەد ئازاد حاجی مەلا و  و هاوکار ئەکرەم شەریف



دیمەنێك لە خوێندکارانی مەراسیمەکە







ئامادەبووان : لەڕاستەوە تارق سابر ڕەمەزان و مامۆستا عومەر قادری سەرپەرشتیاروکاك موحەمەد عەبدولرەحمان ومامۆستا خدرحەمەئاورەحمان و مامۆستا تارقی حاجی باقی



لەڕاستەوە : مامۆستا کاکەخان نەسرەدین و شێخ سلاح شێخ شەرەف و نەوزاد کاکەرەش و دکتۆر رەئوف



ئامادەبووان : لەچەپەوە : وهاب کوێخا عەزیز و حاجی حەمەزیاد و مام ڕەفیق کوێخا ڕەشید



دکتۆر جەمال موحەمەد باجەلان لەکاتی ووتاردا







دکتۆر ڕەئوف لەکاتی یەکەم ووتاری بنکە خێرخوازییەکەیدا



سلاح شێخ شەرەف لەکاتی خەڵات دابەشکردن بەسەر خوێندکارشنیارسوارە



شێخ سلاح لەکاتی دابەشکردنی خەڵات بەخوێندکار ڕەنگین جەمیل حەمید



دکتۆر وەلی مەحمود لەکاتی خەڵات دابەشکردن بەخوێندکار سەنگەر سعود







نەوزاد کاکەرەش لەکاتی خەلات دابەشکردن بەخوێندکار ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز



حوسێن بانەقەڵاتی لەکاتی خەڵات دابەشکردن بەخوێندکار رێبوار جەوهەر



دکتۆر وەلی مەحمود لەکاتی خەڵات دابەشکردن بە خوێندکار ڕەزبەر ڕزگار



مامۆستا حەسەن فەرەج سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەکاتی خەڵات دابەشکردن بە خوێندکار
ئەژی نادر قادر







دکتۆر جەمال موحەمەد باجەلان لەکاتی خەڵات دابەشکردن بە خوێندکار



حاکم هیمداد مەجید مەرزانی لەکاتی خەڵات دابەشکردن بە خوێندکار



لەچەپەوە دکتۆر رەئوف و مامۆستا بەکر سەلام و ئاراس ئیلنجاغی



دکتۆر رەئوف لەکاتی خەلاّت دابەشکردن بە خوێندکار







رائد هونەر لەکاتی خەلاّت دابەشکردن بە خوێندکار



کاکەخان نەسرەدین ئەمین لەکاتی خەلاّت دابەشکردن بە خوێندکار



دکتۆر رەئوف دوای مەراسیمی یەکەم خەڵاتی دکتۆر رەئوف لە کتێبخانەی گشتی



دکتۆر رەئوف دوای مەراسیمی یەکەم خەڵاتی دکتۆر رەئوف لە کتێبخانەی گشتی







دکتۆر رەئوف دوای مەراسیمی یەکەم خەڵاتی دکتۆر رەئوف لە کتێبخانەی گشتی



دکتۆر رەئوف دوای مەراسیمی یەکەم خەڵاتی دکتۆر رەئوف لە کتێبخانەی گشتی



دکتۆر رەئوف دوای مەراسیمی یەکەم خەلاّتی دکتۆر رەئوف لە کتێبخانەی گشتی



دکتۆر رەئوف دوای مەراسیمی یەکەم خەلاّتی دکتۆر رەئوف لە کتێبخانەی گشتی







دکتۆر رەئوف دوای مەراسیمی یەکەم خەلاّتی دکتۆر رەئوف لە کتێبخانەی گشتی



دکتۆر رەئوف دوای مەراسیمی یەکەم خەلاّتی دکتۆر رەئوف لە کتێبخانەی گشتی



لەڕاستەوە دکتۆر رەئوف و حاجی باقی تەقتەقی



گڵکۆی دکتۆر رەئوف لە گۆڕستانی بانەڕەقەی تەقتەق







ساڵی ١٩٧٢ گیراوە لەتەقتەق

لەچەپەوە(١–کێخواعەزیزکێخوا رەشید٢–حەوێز کێخوا رەشید٣–دکتۆر رەئوف کێخوا عەزیز٤–پۆلا کێخوا عەزیز٥–دارانامق کیخوا رەشید٦–جەوهەرقادرئاغائەفەندی) مناڵەکان لەچەپەوە(١–هەڵمەت وهاب کێخوا عەزیز٢–هەڵات دکتۆر رەئوف ٣–رێکەوت وهاب کێخوا عەزیز٤– دکتۆر ڕۆژ دکتۆر رەئوف)



نێوان سالآنی ١٩٩٧–٢٠٠٠ گیراوە لەکاتی کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی فاو، لەگەڵ بەڕێوەبەری لق وهۆبەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی کشتوکاڵ لەکوردستان.



نێوان سالآنی ١٩٩٧–٢٠٠٠ گیراوە لەکاتی کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی فاو،لەگەڵ کاک دلشاد وکاک هونەر







نێوان سالآنی ١٩٩٧–٢٠٠٠ گیراوە لەکاتی کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی فاو.



نێوان سالآنی ١٩٩٧–٢٠٠٠ گیراوە لەکاتی کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی فاو.



نێوان ساڵانی ١٩٩٧–٢٠٠٠ گیراوە لەکاتی کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی فاو.



لە ڕێکەوتی ١٥–٧–١٩٩٧لە بەریتانیا گیراوە لە چەپەوە فاروق مەلا مستەفا و دکتۆر ڕەئوف و نەوزاد عەزیز







لەڕێکەوتی ٢٧–١٠–٢٠٠٦ لەکۆری چلەی ماتەمینی دکتۆر گیراوە:(لەچەپەوە: عادل موراد،عەدنان موفتی،ملازم عومەر،ساڵح کلێسەیی)



لەڕێکەوتی ٢٧–١٠–٢٠٠٦ لەکۆری چلەی ماتەمینی دکتۆر گیراوە:(لەچەپەوە:دارا فەیزوڵڵا، شێخ جەنگی تاڵەبانی،عوسمانی بانی مارانی) لەپشتەوە وە لەچەپەوە:(فەوزی مەلا نوری، سدیق بەگ ، مامۆستا غازی مەلا نوری)



لەرێکەوتی ٢٧-١٠-٢٠٠٦ لەکۆڕی چلەی ماتەمینی دکتۆر گیراوە:(لەچەپەوە:شێخ عەلی شێخ حەمەساڵح،د.خدرمەلامەعسوم هەورامی،د.فریاد رەواندزی، نەسروللا خەیروللا،عادل موراد)



لەرێکەوتی ٢٧-١٠-٢٠٠٦ لەکۆڕی چلەی ماتەمینی دکتۆر گیراوە:(لەڕاستەوە:د.فوئاد حوسێن، عوسمان بانی مارانی، شێخ جەنگی تاڵەبانی)







لەرێکەوتی ٢٧-١٠-٢٠٠٦ لەکۆڕی چلەی ماتەمینی دکتۆر گیراوە:(لەچەپەوە:د.فریاد رەواندزی، نەسروللا خەیروللا،عادل موراد،عەدنان موفتی، ملازم عومەر، ساڵح کلێسەیی)

# پێڕست


| بابەت | ژ.لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەشە | ٣ |
| نووسەر لە چەند دێڕێکدا | ٤ |
| دکتۆر رەئوف عەزیز بەجەستە ڕۆیشتووە بەڵام لە ویژدانماندا دەمێنێتەوە بەو بیرۆکو گەنجینە گەورەیەی کە خۆی لە خۆشەویستی نیشتمانەکەیدا دەبینێتەوە | ٧ |
| پێشەکی | ١٥ |
| بەشی یەکەم: گەشتی ژیان و هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی | ١٧ |
| دکتۆر رەئوف تەمەنێك لەتێکۆشان وخزمەتکردن | ١٩ |
| دانیشتن لەگەڵ دکتۆردا | ٢٢ |
| خاوەن ئیمتیازی تاك | ٢٥ |
| دکتۆرخەمخۆری تەقتەق بوو | ٢٨ |
| داواکاری دکتۆر بۆدامەزراندنی بنکەیەکی خێرخوازی | ٣٤ |
| مەرامی دکتۆر، دوای تەواوبوونی پرۆژەکە بەدەستنوسی خۆی | ٣٦ |
| ڕێکەوتنامەی بەڕێوەبەراتی ناحیەی تەقتەق و دکتۆر | ٣٨ |
| پەیڕەوی بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوف | ٤٠ |
| داری بنەماڵەی دکتۆری دکتۆر ڕەئوف | ٤٥ |
| بەشی دووەم: دکتۆر لەدیدی هاوڕێ و نووسەران-دا | ٤٧ |
| فرمێسکێکی وەفاداریی بۆ هاوڕێی شیرینم دکتۆر رەئوف، ن: فاروق مەلا مستەفا | ٤٩ |
| كلمات في رپاو الصديق الوفي د.رؤف كويخا عزيز، ن: فرياد رواندزي | ٥١ |
| مەرگی ناوادەی دکتۆر رەئووف تەقتەقی و چەندسەرنجێك، ن: کاکەخان نەسرەدین | ٥٤ |
| ماڵئاوا دکتۆر رەئوف ماڵئاوا، ن: فاتح بێ لان تاڵەبانی | ٥٧ |
| دکتۆر رەئوف کوێخا عەزیز، مرۆڤێکی پڕلە بەخشش و زانستخواز، ن: بەکرسەلام سەلیم | ٥٩ |







| بابەت | ژ.لاپەڕە |
|---|---|
| کۆچێکی ناوەخت، ن: پێرۆ وهاب کوێخا عەزیز | ٦٢ |
| بۆ براو هاوڕێی خوشەویستم دکتۆر رەئوف، ن: د.سلاح مستەفا بەکر | ٦٥ |
| بەشی سێیەم: کۆڕی چلەی ماتەمینی دکتۆر | ٦٧ |
| ناوەندی ڕۆشنبیری تەقتەق بەهاوکاری بنەماڵەی خوالێخۆشبوو، چلەی ماتەمینی کۆچکردوو دکتۆر رەئوفی بەڕێوەبرد | ٦٩ |
| وتاری عادل موراد لەچلەی ماتەمینی دکتۆری هاوڕێی | ٧٢ |
| وتاری دکتۆرجەمال موحەمەدباجەلان | ٧٧ |
| وتەی مامۆستا قاسم موحەمەد موستەفا | ٨١ |
| سەفەری فریادرەسێك، لەمەملەکەتی مەعریفەوە بۆدوامالْ ومەنزلگە، شیعری: پەیوەست خۆشناو | ٨٤ |
| شیوەنێك، شیعری پێرۆ وهاب | ٩٧ |
| بریارێکی بوێرانە لەژیانی دکتۆردا، ن: هەلات دکتۆر رەئوف | ١٠٠ |
| وتاری بنەماڵە لەلایەن هەلاتی کوڕیەوە | ١٠٣ |
| بەشی چوارەم: پاشکۆی وێنەکان | ١٠٧ |